# قوة الأخلاق وأثرها في توجيه التاريخ
# دراسة مقارنة بين الماوردي ومسكويه

١- م.م: ديار ماهر طاهر
باحث
diyarmahir8@gmail.com
٢- م.م: ئاڤان عزيز احمد
وزارة التربية / اقليم كوردستان العراق
avanazziz@gmail.com
٣- م.م: سامان عثمان عالى
قسم التاريخ ، كلية الاداب، جامعة سۆران
Saman.alee@soran.edu.iq

**الكلمات المفتاحية**: القوة، الأخلاق، مسكويه، الماوردي.

**كيفية اقتباس البحث**

طاهر , ديار ماهر , ئاڤان عزيز احمد, سامان عثمان عالى, قوة الأخلاق وأثرها في توجيه التاريخ دراسة مقارنة بين الماوردي ومسكويه ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، أيلول ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٩ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

# The Force of Morality and its Influence on Directing History A Comparative Study between Al-Mawardi and Miskawayh

**Diyar Maher Tahir**
**Discussion**
diarmahir8@gmail.com
**Avan Aziz Ahmed**
**Ministry of Education / Kurdistan Region of Iraq**
avanazziz@gmail.com
**Saman Osman Ali**
**Department of History, Faculty of Arts, Soran University**
Saman.alee@soran.edu.iq

**Keywords** : Force, Morality, Miskawayh, Al-Mawardi.

**How To Cite This Article**
Tahir , Diyar Maher , Avan Aziz Ahmed ,Saman Osman Ali ,The Force of Morality and its Influence on Directing History A Comparative Study between Al-Mawardi and Miskawayh ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, September 2026,Volume:16,Issue 9.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract
This study represents an academic and philosophical endeavor to delve into the laws of history and determine the trajectory of events through the lens of the moral and psychological equilibrium of societies. Grounded in the intellectual frameworks of two monumental Islamic thinkers, Al-Mawardi and Miskawayh, this research posits that the philosophy of history from this perspective transcends the mere narration of the chronicles of kings and armies. Instead, it is understood as a profound internal process directly intertwined with the purification of the soul and the governance of reason over animalistic instincts. When these internal dimensions weaken, civilization inevitably drifts toward a slow decline

and ultimate collapse. Consequently, this study seeks to identify the concept of morality as the primary cornerstone for the sustenance of urban life (*umran*) and human coexistence, thereby elucidating the underlying psychological architecture of humanity.

Within this framework, a comparative methodology is employed to illuminate Al-Mawardi’s vision of morality as a driving force in history, juxtaposing it with the ethical system of Miskawayh, who perceives history as a human experience rich with lessons for the future. For Miskawayh, worldly affairs are inherently recurrent, and comprehension of the past empowers human will to enact reform and preempt the inevitability of civilizational decay. This is achieved through the implementation of authentic justice and liberation from the bondage of materialism and financial greed—forces that have historically disrupted public order and dismantled the authority of rulers preoccupied solely with fleeting pleasures.

The study concludes that preserving core moral values, such as the fulfillment of covenants, chastity, and wisdom, constitutes an indispensable prerequisite for the continuity of civilizational progress, whereas their erosion marks the genesis of historical collapse for nations. As history serves as rational evidence for discovering universal laws (*sunan*) and the principles of civilization, the philosopher of history must synthesize psychological, intellectual, and economic factors to present a comprehensive matrix of historical movement—one that ultimately serves the public good and the moral happiness of humanity across all eras.

**ملخص**

تعد هذه الدراسة محاولة أكاديمية وفلسفية للتعمق في سنن التاريخ وتحديد مسارات الأحداث من خلال التوازن الأخلاقي والنفسي للمجتمعات، بالاستناد إلى الفكر الفلسفي لاثنين من كبار مفكري الإسلام، وهما الماوردي ومسكويه. إذ إن فلسفة التاريخ من هذا المنظور لا تقتصر على سرد سير الملوك والجيوش، بل هي عملية داخلية عميقة ترتبط ارتباطا مباشرا بتزكية النفس وسيادة العقل على الغرائز الحيوانية، والتي يؤدي ضعفها وسقوطها إلى سير الحضارة نحو موت بطيء وانهيار محتم. ومن هنا، تسعى الدراسة إلى تحديد مفهوم الأخلاق باعتباره الركيزة الأساسية لاستمرار العمران والتعايش الإنساني، مفسرة بذلك البنية النفسية للإنسان.

وفي هذا السياق، اعتمد المنهج المقارن لتسليط الضوء على رؤية الماوردي للأخلاق بوصفها القوة الموجهة للتاريخ، ومقارنتها بالمنظومة الأخلاقية لدى مسكويه، الذي يرى التاريخ تجربة إنسانية غنية بالعبر للمستقبل؛ ذلك أن شؤون الدنيا متشابهة، وفهم الماضي يمد الإرادة الإنسانية بالقوة اللازمة للإصلاح والوقوف بوجه حتمية الانهيار، من خلال تطبيق العدالة الحقيقية والتحرر من عبودية المادة والجشع المالي، اللذين طالما أديا تاريخيا إلى





Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 9
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

تخريب النظام العام وتفكك سلطة الحكام والملوك الذين انشغلوا بتحقيق اللذات المؤقتة فحسب.

وتخلص الدراسة إلى أن الحفاظ على القيم الأخلاقية، مثل الوفاء بالعهود والعفة والحكمة، يعد شرطا أساسيا لضمان ديمومة التقدم الحضاري، وأن غيابها يمثل بداية السقوط التاريخي للأمم، باعتبار التاريخ دليلا عقليا لاكتشاف السنن الكونية وقوانين العمران. كما تؤكد أن على فيلسوف التاريخ أن يدمج كافة العوامل النفسية، الفكرية، والاقتصادية لتقديم صورة متكاملة لحركة التاريخ، بما يخدم الصالح العام والسعادة الأخلاقية للبشرية في العصور كافة.

## هێزی ڕەوشت کاریگەری لە ئاڕاستەکردنی مێژوو
## توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە لەنێوان الماوردي و مسکویه

١- م.ی: دیار ماهر طاهر

توێژەری سەربەخۆ، کورستان، عێراق diyarmahir8@gmail.com

٢- م.ی: ئاڤان عزیز احمد

وەزارەتی پەروەردە، هەرێمی کوردستان avanazziz@gmail.com

٣- م.ی: سامان عثمان عالی

مامۆستای یاریدەدەر، بەشی مێژوو ، فاکەلتی ئاداب، زانکۆیی سۆران

Saman.alee@soran.edu.iq

### پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی ئەکادیمی و فەلسەفییە بۆ قووڵبوونەوە لە یاساکانی مێژوو و دیاریکردنی ئاڕاستەی ڕووداوەکان لە ڕێگەی هاوسەنگی ئەخلاق و دەروونی کۆمەڵگەکانەوە لەسەر بنەمای فیکری دوو بیرمەندی گەورەی ئیسلامی کە الماوردي و مسکویەن چونکە فەلسەفەی مێژوو لەم ڕوانگەیەوە تەنها گێڕانەوەی بەسەرهاتی پاشاکان و سوپاکان نییە بەڵکو پرۆسەیەکی ناوەکی قووڵە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە تەزکیەی دەروون و، زاڵبونی عەقڵەوە هەیە بەسەر غەریزە ئاژەڵییەکاندا، کاتێک لاواز دەبن شارستانیەت بەرەو مەرگی هێواش و داڕووخان هەنگاو دەنێت لێرەوە توێژینەوەکە هەوڵ دەدات چەمکی ڕەوشت وەک کۆڵەکەی سەرەکی مانەوەی شار و بەیەکەوەژیانی مرۆڤایەتی دەستنیشان بکات تا پێکهاتەی دەروونی مرۆڤ ڕوون بکاتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا میتۆدی بەراوردکاری بەکارهێنراوە بۆ دەرخستنی دیدگای ماوەردی لەسەر ڕەوشت وەک هێزی ئاڕاستەکەر لە مێژوودا و بەراوردکردنی لەگەڵ سیستەمی ئەخلاق مسکویە کە مێژوو وەک ئەزموونێکی مرۆیی دەبینێت کە پڕە لە پەند بۆ داهاتوو چونکە کاروباری دونیا هاوشێوەی یەکترن و تێگەیشتن لە ڕابردوو هێز دەدات بە ئیرادەی مرۆڤەکان بۆ چاکسازی و ڕێگریکردن لە حەتمییەتی هەرەسهێنان لە ڕێگەی جێبەجێکردنی دادپەروەری ڕاستەقینە و وازهێنان لە کۆیلایەتی ماددە و پارەپەرستی کە لە مێژوودا هەمیشە بووەتە هۆی تێکچوونی سیستەمی گشتی و لێک هەڵوەشانەوەی دەسەڵاتی پاشاکان کە تەنها خەریکی دابینکردنی چێژی کاتی بوونە.

توێژینەوەکە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە پاراستنی بەها ئەخلاقییەکانی وەک پاراستنی پەیمان و عیفەت و حیکمەت مەرجی بنەڕەتین بۆ بەردەوامی پێشکەوتنی شارستانیەتەکان و نەمانی ئەمانە سەرەتای دارمانی مێژوویی گەلانە بەو پێیەی مێژوو بەڵگەیەکی عەقڵانییە بۆ دۆزینەوەی

سوننەتە گەردوونییەکان و یاساکانی ئاوەدانی و فەیلەسوفی مێژوو دەبێت هەموو فاکتەرە دەروونی و فیکری و ئابوورییەکان ئاوێتە بکات تا وێنەیەکی تەواو لە جووڵەی مێژوو پێشکەش بکات کە خزمەت بە چاکەکاری گشتی و بەختەوەری ڕەوشتی مرۆڤایەتی بکات لە هەموو سەردەمەکاندا

**وشە کلیلەکان:** هێز ، ڕەوشت ، مسکویە، الماوردی .

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی فەلسەفەی مێژوو و ئەزموونی ئەخلاق لای ماوەردی و مسکویە چەمکی ڕەوشت وەک فاکتەرێکی سەرەکی و بزوێنەر لە پرۆسەی مێژوودا دەستنیشان دەکات کە تێیدا پەیوەندی نێوان بەها ئەخلاقییەکان و گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە مێژووی ئیسلامیدا شی دەکرێتەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنیەتی کاریگەری دەروونی و فیکری تاکەکان و فەرمانڕەوایان لەسەر هێزی ناوەکی دەوڵەت و مانەوەی شارستانیەتەکان دەکات بە شێوازێکی فەلسەفی و مێژوویی قووڵ تا هاوسەنگی نێوان عەقڵ و غەریزە مۆر بکات پاشان پێناسەیەکی نوێ بۆ یاساکانی مێژوو لە ڕوانگەی ئەزموونی مرۆییەوە لەم فیکرەدا پێشکەش دەکات.

## گرنگی بابەت

گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە کە پەردە لەسەر لایەنە فەلسەفی و فیکرییەکانی مێژوونووسی و بیرکردنەوەی سیاسی لە فیکری ئیسلامیدا هەڵدەداتەوە و دەری دەخات کە مێژوو لای ئەم دوو بیرمەندە تەنها زنجیرەیەک لە ڕووداوی ڕووت نییە بەڵکو یاسایەکی سیستەماتیکی هەیە کە لەسەر بنەمای ڕەوشت و دادپەروەری ڕاوەستاوە هەروەها ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ تێگەیشتن لە هۆکارە ناوەکی و دەروونییەکانی پشت داڕووخانی شارستانیەتەکان و گەورەیی ڕۆڵی عەقڵ لە ڕێنماییکردنی کۆمەڵگەکاندا پاشان هۆشیارییەکی نوێ لای توێژەرانی مێژوو و فەلسەفە دروست دەکات تا بتوانن لە ڕێگەی ئەزموونی ڕابردووەوە پێشبینی ڕووداوەکانی داهاتوو بکەن و بەها ڕۆحییەکان وەک پارێزەری مانەوەی گەلان بەکاربهێننەوە لەم سەردەمەدا.

## کێشەی توێژینەوە

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لە دەوری ئەو پرسیارە دەسووڕێتەوە کە چۆن تێکچوونی سیستەمی ئەخلاقی و زاڵبوونی حەز و غەریزە ئاژەڵییەکان بەسەر عەقڵدا دەبێتە هۆی لاوازبوونی ناوەکی کۆمەڵگەکان و دارمانی خێرای دەوڵەتەکان لە مێژوودا بە شێوەیەک کە پشتگوێخستنی دادپەروەری و بەرژەوەندی ماددی هاوسۆزی ڕاستەقینە لەناو دەبات، ئەمەش وای کردووە کە مێژوونووسان زۆرجار تەنها سەیری فاکتەرە دەرەکییەکان بکەن و کێشە دەروونییەکان فەرامۆش بکەن بۆیە کێشەکە لێرەدا دۆزینەوەی ئەو یاسا شاراوانەی مێژووە کە لە نێوان فەلسەفەی ئەخلاق و ڕووداوە سیاسییەکاندا وەک بزوێنەرێکی پەنهان کار دەکەن.

## ئامانجی بابەت

ئامانجی سەرەکی ئەم بابەتە بریتییە لە ڕوونکردنەوەی هاوپەیوەندی نێوان ڕەوشت و یاساکانی ئاوەدانی لە ڕێگەی بەراوردکردنی تێڕامانەکانی ماوەردی و مسکویە تا هێزی بزوێنەری مێژوو دەستنیشان بکرێت هەروەها دەرخستنی گرنگی سوودوەرگرتن لە ئەزموونی پێشینان بۆ

ڕێگریکردن لە کارەساتە مێژووییەکان و چاکسازی دەسەڵاتی سیاسی ئامانجێکی دیکەی ئەم کارە ئەکادیمییەیە.

**پێشنیازی توێژینەوە**

توێژینەوەکە پێشنیاز دەکات کە فەلسەفەی مێژوو لە فیکری ئیسلامیدا وەک بابەتێکی سەربەخۆ لە پرۆگرامەکانی خوێندنی باڵادا گرنگی پێ بدرێت تا قوتابییان لە دیدگا ئەخلاقییەکەی مسکویە و ماوەردی تێبگەن هەروەها پێشنیازی ئەوە دەکات کە ناوەندە ئەکادیمییەکان زیاتر کار لەسەر وەرگێڕان و شیکردنەوەی دەقە مێژووییە کۆنەکان بکەن بە تایبەت کتێبی تجارب الأمم تا لایەنە دەروونی و سیاسییەکانی زیاتر ڕوون ببنەوە پاشان پێشنیاز دەکات کە فەرمانڕەوایان و بەڕێوەبەرانی شارەکان پەیڕەوی لە حیکمەت و دادپەروەری ناوەکی بکەن وەک مەرجێکی سەرەکی بۆ مانەوەی قەوارە سیاسییەکان و ڕێگریکردن لە داڕووخانی کۆمەڵگەکان لە هەمان کاتدا پێشنیازی ئەنجامدانی توێژینەوەی بەراوردکاری زیاتر دەکرێت لە نێوان فەیلەسوفە ڕۆژهەڵاتییەکان و ڕۆژئاواییەکان لەسەر پرسی بایۆلۆژیا و ئەزموونی مێژوویی.

**میتۆدی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی بەراوردکاری و شیکاریی دەق دەبەستێت تا لە ڕێگەیەوە خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی نێوان الماوردي و مسکویە لە دیاریکردنی ئاڕاستەی مێژوودا دەربخرێن

**پرسیاری توێژینەوە**

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە تا چەند فەلسەفەی مێژوو لای ماوەردی و مسکویە لەسەر بنەمای ئەزموونی ئەخلاقی دامەزراوە و چۆن ڕەوشت وەک هێزێکی بزوێنەر ئاڕاستەی مێژوو دیاری دەکات

**چوارچێوەی توێژینەوە**

چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەشی سەرەکی پێکدێت کە سەرەتا باس لە چوارچێوەی تیۆری چەمکی ڕەوشت لە فیکری ئیسلامیدا دەکات پاشان ڕەوشت لای ماوەردی و فەلسەفەی مێژوو لای مسکویە دەخاتە ڕوو و لە کۆتاییدا بەراوردکاری نێوانیان ئەنجام دەدات

**بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری بۆ چەمکی ڕەوشت لە فیکری ئیسلامیدا و ڕەنگدانەوەی لەسەر فەلسەفەی مێژوو**

بنیاتی فەلسەفەی مێژوو لە فیکری ئیسلامی کلاسیکدا لەسەر بنەمای تێگەیشتنی پەیوەندی نێوان بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و ئاستی گۆڕانکارییە ئەخلاقییەکان دادەمەزرێت چونکە سروشتی مرۆڤ وایە کە بە تەنیا ناتوانێت هەموو پێداویستییەک دابین بکات و کۆبوونەوەی مرۆڤەکان لە شارەکاندا سەرەتای گەشەکردنی مێژوویی و بنەمایەکە بۆ دروستبوونی کولتوور و فەلسەفە (مسکویە، ١٩٨٥، ٣٣-٣٥) کە لێرەوە قۆناغەکانی پێشکەوتنی دەوڵەت و گەشەی مرۆڤایەتی دەست پێ دەکەن بە جۆرێک کە جیاوازی لە نێوان سروشت و ڕەوشتدا هەیە

چونکە هەندێک خەسڵەت زگماکین و هەندێکی دکیەیان بە ڕاهێنان دێنە بەرهەم (الماوردي، ١٩٨١، ٣٢) و ئەم پرۆسەیەش دەبێتە ماتۆڕی بزوێنەری مێژوو لە ڕێگەی کاراکردنی هێزی ژیرییەوە چونکە جیاوازی نێوان عەقڵ و ڕا لەوەدایە کە عەقڵ ڕاستییەکان دەبینێت و ڕا پێشنیاری ڕێگاکانی جێبەجێکردن دەکات (الماوردي، ١٩٨١، ٢٣) لێرەوە ڕەوشت لە دۆخێکی جێگیرەوە دەگۆڕێت بۆ فاکتەرێکی مێژوویی کاریگەر کە ئاڕاستەی گەشە یان داڕووخانی گەلان دیاری دەکات چونکە تاکەکان لە کۆمەڵگەدا ئەگەر پەروەردەیەکی دروستیان نەبێت دەبنە هۆی تێکدانی سیستەمی گشتی و بڵاوبوونەوەی ڕەوشتی خراپ بۆیە مسکویە گرنگی زۆر بە پەروەردەی منداڵان دەدات لە سەرەتاوە چونکە ئەوان داهاتووی شارستانییەت و کۆمەڵگە پێکدەهێنن (مسکویە، ١٩٨٥، ٤٤- ٤٨) بەو پێیەی گۆڕانکاری مێژوویی پێویستی بە نەوەیەک هەیە کە لەسەر بنەمای هاوسەنگی عەقڵی پەروەردەکرابێت تا بتوانێت قۆناغەکانی شارستانیەت بەرەو لوتکە ئاڕاستە بکات.

لەم سۆنگەیەوە فەلسەفەی مێژوو پێمان دەڵێت کە بەیەکەوەژیان نیشانەی تەندروستی کۆمەڵگەی مرۆییە چونکە مرۆڤەکان پێویستیان بە خۆشەویستی و هاوکاری هەیە بۆ ژیان و ئەگەر ئەم پەیوەندییە نەمێنێت ململانێی ناوەکی دەست پێ دەکات کە مسکویە ئەمە بە سەرەتای نەخۆشی کۆمەڵگەیی دەزانێت (مسکویە، ١٩٨٥، ٢٠-٢٦) و کاتێک ئەم نەخۆشییە ناوەکییە بڵاودەبێتەوە قەوارە سیاسییەکان پێ دەنێنە قۆناغی پیری و هەڵوەشاندنەوەوە چونکە کاتێک پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی ماددی بن خۆشەویستی ڕاستەقینە و هاوسۆزی لە نێوان مرۆڤەکاندا نامێنێت و ئەم گۆڕانکارییە دەبێتە هۆی دروستبوونی کینە و دوژمنکاری کە دواجار کۆمەڵگەیەک کینە بەرێوەی ببات ناتوانێت شارستانیەت بپارێزێت (مسکویە، ١٩٨٥، ٢٠) بەم جۆرەش غەریزە ئاژەڵییەکان کاتێک بەسەر عەقڵی مرۆڤدا زاڵ دەبن مرۆڤ بەرەو تێکدان و ستەمکاری و چاوچنۆکی هەنگاو دەنێت و ئەم غەریزانە دەبنە هۆی مەرگی هێواشی هۆشیاری لە کۆمەڵگەدا چونکە شارستانیەتەکان لە ناوەوە بەهۆی سەرپێچی عەقڵەوە لاواز دەبن (مسکویە، ١٩٨٥، ١٢٣) بەم پێیەش ئاڕاستەی مێژوو کاتێک بەرەو هەڵدێر دەچێت کە هێزی غەزەب و هێزی شەهوەت پێویستیان بە ڕێکخستن هەیە، بەڵام پشتگوێ دەخرێن چونکە ئەگەر غەزەب کۆنترۆڵ نەکرێت دەبێتە هۆی توندوتیژی و شەڕ و ئەگەر شەهوەت بەرەڵا بێت دەبێتە هۆی چاوچنۆکی و گەندەڵی لە کاتێکدا عەقڵ تەنیا هێزە کە دەتوانێت ئەم دوو هێزە مهار بکات (مسکویە، ١٩٨٥، ١٤) و ڕێگری لە داڕووخانی پایەکانی دەوڵەت بکات لە ڕووی مێژووییەوە.

لەم ڕووەوە فەلسەفەی مێژوو لای ئەم بیرمەندانە کاتێک چڕ دەبێتەوە کە تێدەگەین کاتێک دووری نێوان خەڵک و بنچینەی دین و بەها سەرەکییەکان درێژ دەبێتەوە ئەوا خەڵکەکە زۆربەی نۆرمە ئەخلاقییەکان لەبیر دەکەن و ئەمەش ڕێگا خۆش دەکات بۆ دروستبوونی فەوزا و گەندەڵی فراوان لە جومگەکانی کۆمەڵگەدا (الماوردي، ١٩٨٣، ٦٨) کە ئەمەش قۆناغی کۆتایی تەمەنی شارستانیەتەکان ڕادەگەیەنێت چونکە بنەما ڕەوشتییەکان کۆڵەکەی سەرەکین بۆ مانەوەی هەر کۆمەڵگەیەک و کاتێک دادپەروەری لە ناو بچێت سیستەمی گشتی لێک هەڵدەوەشێت و مسکویە پێی وایە مرۆڤ بەبێ ڕەوشت ناتوانێت هاوسەنگی بپارێزێت کە ڕێگای ڕاست بۆ مرۆڤەکان دیاری دەکات (مسکویە، ١٩٨٥، ١١١-١١٣) بۆیە پاراستنی دەروون لە ڕەزیلەتەکان ئەرکی هەر تاکێکی هۆشیارە چونکە مسکویە ڕێنمایی تەواو دەدات بۆ چارەسەرکردنی

نەخۆشیکانی دەروون و پێی وایە تەزکیەی دەروون کۆمەڵگە لە داڕووخانی ناوەکی ڕزگار دەکات و ئەمەش ئەو پەیامە سەرەکییەیە کە لە کتێبەکانیدا دەیبینین (مسکویە، ١٩٨٥، ٢١) .

لەم چوارچێوە مێژووییەدا و لە ژێر ناونیشانی (تأدیب الأحداث) هاتووە کە فەزڵەکەی بناسن و باسی ئەو بیرە بکەن کە کوێر و بینا تێیدا دەکەون و هەردووکیان لە تیاچووندا یەکسانن تەنیا ئەوە نەبێت کە کوێرەکە عوزری زیاترە و هەر کەسێک بگاتە ئەم ئەدەبانە بۆی هەیە پێیان ڕێنمایی بکرێت و ئەو فەزیلەتانەی ژماردمانن بەدەستیان بهێنێت ئەوا پێویستە لەسەری ئەدەب بە خەڵکی دیکە فێربکات و ئەو بەخششەی خودا پێی داوە بەسەر هاوڕەگەزەکانیدا ببەخشێتەوە چونکە مرۆڤ کاتێک دەگاتە ئەم ئاستە بەڵکو پەیمانی لەگەڵ خۆیدا کردووە کە کۆنترۆڵکردنی نەفسی خۆی بکات و ببێتە خاوەن پاکدامێنی و ئازایەتی و دانایی بەو پێیەی نیشانەی پاکدامێنی ئەوەیە لە پێداویستییەکانی جەستەیدا دەستپێوەگر بێت بۆ ئەوەی چاوچنۆکی زیانی پێ نەگەیەنێت و نیشانەی ئازایەتی ئەوەیە شەڕ لەگەڵ حەزە خراپەکانی بکات بۆ ئەوەی تووڕەیی بێجێ بەسەریدا زاڵ نەبێت و نیشانەی دانایی ئەوەیە لە بیروباوەڕیدا ورد بێتەوە بۆ ئەوەی زانستی چاکە بەدەست بهێنێت تا دەروونی پێ ڕێک بخات و دادپەروەری بەدی بێنێت بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بەرزەش کە سیستەمی مێژوویی لە فەوزا دەپارێزێت پێویستە مرۆڤ پابەند بێت بە پانزە بنەمای مێژوویی و فەلسەفی کە خۆیان لەمانەدا دەبیننەوە کە پێکهاتوون لە هەڵبژاردنی ڕاستی بەسەر بەتاڵدا لە بیروباوەڕدا و ڕاستگۆیی لە گوتاردا و چاکە لە کرداردا و بەردەوامی لە کۆنترۆڵکردنی نەفس لەو شەڕە هەمیشەییەی لە نێوان مرۆڤ و خۆیدا هەیە و پابەندبوون بە شەریعەت و ئەرکەکانی و پاراستنی بەڵێنەکان تا جێبەجێ دەبن کە یەکەمینیان بەڵێنی نێوان مرۆڤ و خودایە و کەمکردنەوەی متمانەی کوێرانە بە خەڵکی و خۆش ویستنی جوانی لەبەر خودی جوانی نەک لەبەر بەرژەوەندی کاتی و بێدەنگی لە کاتی حەزی نەفس بۆ قسەکردن تا ئەو کاتەی عەقڵ بڕیار دەدات و پاراستنی خەسڵەتە باشەکان تا دەبنە ڕەوشت لە دەرووندا و پێشڕەویکردن لە هەر شتێک کە ڕاست و دروست بێت و پاراستنی کات و تەمەن بۆ ئەوەی تەنها لە شتی گرنگدا بەکار بێت و نەترسان لە مردن و هەژاری بۆ ئەنجامدانی کارە پێویستەکان و وازهێنان لە دواخستنی کارەکان و گرنگی نەدان بە قسەی خەڵکی خراپ و حەسود بۆ ئەوەی کات بە شەڕکردن لەگەڵیاندا بەفیڕۆ نەچێت و ڕاهاتن لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەمەندی و هەژاری و ڕێز و سووکایەتیدا و بەبیرهێنانەوەی نەخۆشی لە کاتی تەندروستیدا و خەم لە کاتی دڵشادیدا و ڕازیبوون لە کاتی تووڕەییدا بۆ ئەوەی ستەمکاری کەم بێتەوە و لە کۆتاییدا هەبوونی ئومێدی بەهێز و متمانەی تەواو بە خودا و ئاراستەکردنی تەواوی سەرنج بۆ لای ئەو تاکە سەرچاوەی ڕاستەقینەی ڕزگارییە (مسکویە، ٢٠٠٣، ١، ٢٣، ٢٤) بەبێ جێبەجێکردنی ئەم پەیمانە ناوەکییە مرۆڤ توانای دروستکردنی هیچ ڕەوتێکی مێژوویی ئەرێنی نابێت و شارستانیەتەکان دووچاری سستی دەبن.

لەم پێناوەدا فەلسەفەی سیاسی و مێژوویی لای الماوردي ڕەهەندێکی پێکهاتەیی و دامەزراوەیی گرنگ وەردەگرێت بۆ پاراستنی بزووتنەوەی گشتی کۆمەڵگە چونکە پەیوەندی نێوان ئاین و دەسەڵات زۆر توندوتۆڵە بەو پێیەی ئاین پارێزەری دەسەڵاتە و دەسەڵاتیش جێبەجێکاری ئاینە (الماوردي، ١٩٨١، ١٤٨) بەم جۆرەش بنیاتنانی دەسەڵات و پاشایەتی لەسەر بنەمای ئاین و بیروباوەڕی بەهێز دەبێتە هۆی بەردەوامی و جێگیری دەوڵەت لە مێژوودا (الماوردي، ١٩٨١، ١٥٢) و ڕێگری دەکات لە دروستبوونی کەلێنی مێژوویی لە بنیاتی سیستەمەکەدا وەک چۆن دابەشبوونی زانستەکان بۆ جۆری جیاواز دەریدەخات کە دەوڵەت پێویستی بە سەرجەم

پسپۆرییەکان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی گشتی و پشتگوێخستنی لایەنێکی زانستی دەبێتە هۆی دروستبوونی کەلێنی گەورە لە سیستەمەکەدا (الماوردي، ١٩٨٣، ١٢٢) لێرەوە و بۆ ڕێکخستنی ئەم ئاڕاستە مێژووییە و پاراستنی گەلان لە فەوزای سیاسی ئیمامەت دانراوە بۆ جێگرتنەوەی پێغەمبەرایەتی لە پاراستنی ئایین و سیاسەتی دنیادا و بەستنی بۆ کەسێک کە هەڵسێت بەو کارە لە نێو ئۆمەتدا بە کۆدەنگی واجبە ئەگەرچی ئەسەم لێی لایداوە و جیاوازی هەیە لەسەر واجببوونی ئایا بە عەقڵ واجب بووە یان بە شەرع کە تاقمێک دەڵێن بە عەقڵ واجب بووە (الماوردي، ١٩٨٩، ٤-٥) لە کاتێکدا تاقمێکی دیکە دەڵێن بەڵکو بە شەرع واجب بووە نەک بە عەقڵ چونکە ئیمام هەڵدەستێت بە کاروبارگەلێکی شەرعی کە لە عەقڵدا ڕێی تێدەچوو پەرستنی پێ ئەنجام نەدرێت بۆیە عەقڵ نەبووەتە هۆی واجببوونی بەڵکو شەرع هاتووە بە سپاردنی کاروبارەکان بە سەرپەرشتیاری ئایین بۆ پاراستنی هێڵە گشتییەکانی شارستانیەت و پاراستنی کۆمەڵگە لە داڕووخانی ڕەوشتی و مێژوویی (طيبی، ١٩٨٦، ٣٩-٤٠؛ مولود، ٢٠١٠، ٣٠؛ الماوردي، ١٩٨٩، ١١-١٢).

## بەشی دووەم: ڕەوشت وەک هێزی بزوێنەر و ئاڕاستەکەر لە مێژوودا لای الماوردي

تێڕوانینی فەلسەفیی الماوردي بۆ مێژوو لەسەر بنەمایەکی ئەخلاقی و دەروونیی قووڵ بونیاد نراوە، بە شێوەیەک کە ئەو ڕەوشت وەک هێزە سەرەکییە بزوێنەر و ئاڕاستەکەرەکەی ڕەوتی ڕووداوە مێژووییەکان و شارستانییەتەکان دەبینێت. لەم سۆنگەیەوە، سەرکردە وەک کارەکتەری سەرەکیی ناو کایەی مێژوو چاو لێدەکرێت، کە پێویستە پێش هەر شتێک گرنگی بە ڕەوشت و چاککردنی دەروونی خۆی بدات بۆ ئەوەی بتوانێت کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە ببات و مێژوو دروست بکات، چونکە بنەماکانی فەزیلەت لە ناخی مرۆڤدا دەبنە هۆی دروستبوونی ڕەوشتی بەرز کە بنەمای سەرەکی سەرکردایەتین (الماوردي، ١٩٨١، ٨، ١٢). ئەم بنەما ئەخلاقییانە لە ناخی سەرکردەدا دەبنە هۆی دروستبوونی سەرکردایەتییەکی سەرکەوتوو کە کۆمەڵگە لە لێواری تیاچوون دەپارێزێت و گەشەی پێدەدات، ئەمەش وا دەکات یەکەم هەنگاو کە پاشا یان سەرکردە پێویستە دەستی پێبکات چاککردن و ڕێکخستنی دەروون و ڕەوشتی خۆیەتی (الماوردي، ١٩٨١، ١٢، ٤٦). لێرەوە، یەکەمین هەنگاوی سەرکردە بۆ گۆڕینی مێژوو بریتییە لە چاککردنی دەروونی خۆی و دوورکەوتنەوە لە حەز و ئارەزووە نەخوازراوەکان، چونکە ئەگەر دەسەڵاتدار لە بەڕێوەبردنی نەفسی خۆی و ڕاستکردنەوەی ڕەوشتی خۆی عاجز بێت، ئەوا لە ڕاستکردنەوەی خەڵکی دیکە عاجزتر دەبێت و ناتوانێت کۆنترۆڵی جومگەکانی حوکمڕانی بکات کە پێویستی بە زاڵبوونی ئەقڵ هەیە بەسەر هەوای نەفسدا (الماوردي، ١٩٨١، ٤٦؛ الماوردي، ١٩٨٣، ٥٦). لەم پێناوەدا، پادشای گونجاو و هۆشیار پێویستە هەمیشە دڵی خۆی بە خوێندنەوەی مێژوو و سیرەی پێشینانی چاک بەئاگا بهێنێتەوە بۆ ئەوەی بزانێت چۆن دەوڵەتەکان گەشەیان کردووە و بەهۆی چ هەڵەیەکەوە تووشی هەرەس بوونە، چونکە تەماشاکردنی چارەنووسی پادشاکانی ڕابردوو و خوێندنەوەی فەلسەفەی مێژووی ئەوان باشترین پێوەرە بۆ ئەوەی مرۆڤ ڕاستی حاڵی خۆی پێ ببینێت و لەو هەڵە مێژووییانە بەدوور بێت کە

دەوڵەتە گەورەکانی پێشووی لەناو برد (الماوردي، ١٩٨٣، ٧٣). کاتێک پادشا چاکسازی لە نەفسی خۆیدا بکات، خەڵک بە شێوەیەکی سروشتی دەبنە شوێنکەوتە و دڵسۆزی ئەو، بەمەش سەقامگیری ڕەهای کۆمەڵایەتی بەدی دێت کە ڕێگرە لە هەر جۆرە داڕووخانێکی کتوپڕی سیاسی، ئەمەش پێچەوانەی مۆدێلە مێژوویيە کۆنەخوازەکانە کە دەیانەوێت بە زەبر و زەنگ باڵادەستی خۆیان بپارێزن و لە ئەنجامدا ململانێ لەگەڵ ویستە نوێخوازەکاندا دروست دەکەن کە بەربەستەکان دەشکێنن و زەمینەسازی بۆ جوڵەی مێژوویی نوێ دەکەن (الماوردي، ١٩٨٣، ٧٧؛ ئی. ئێچ. کار، ٢٠٠٥، ١١٧-١١٩).

لەسەر ئاستی بەراوردکاری فەلسەفەی مێژووەدا، الماوردي گرنگییەکی زۆر بە ڕەهەندە مۆراڵی و پراکتیکییەکانی ناو دەسەڵات دەدات، کاتێک جیاوازی نێوان عەقڵ و ڕا لە لای سەرکردە دەخاتە ڕوو، چونکە عەقڵ ڕاستییەکان دەردەخات و ڕا ڕێگای جێبەجێکردن دیاری دەکات، و سروشتی مرۆڤ و ڕەوشتەکەی کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر بڕیارەکانی سەرکردە هەیە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا (الماوردي، ١٩٨١، ٢٣، ٣٢). ئەم ئاڕاستە ئەقڵانی-ڕەوشتییە پێویستی بە خەسڵەتی وەک سەخاوەت و جوامێری هەیە بۆ ڕاکێشانی دڵی خەڵک، کە وا دەکات خەڵکی بە دڵسۆزی دوای بکەون و ئەمەش هێزێکی گەورە بە بزووتنەوەی مێژوویی دەبەخشێت (الماوردي، ١٩٨١، ٢٨). لە لایەکی دیکەوە، الماوردي لوتبەرزی و خۆسەرسامکردن و خۆپەسندی وەک گەورەترین مەترسی دەبینێت کە دەبێتە هۆی ڕووخانی دەسەڵات و تێکچوونی ڕەوتی مێژوویی گەلەکە، لە کاتێکدا سەنگینی، هێمنی، بێدەنگی و دڵنیابوون لە بڕیارەکان پێگەی سەرکردە بەهێز دەکەن و دەبنە هۆی جێگیری و سەرکەوتنی سیاسەتی دەوڵەت (الماوردي، ١٩٨١، ٥٠، ٥٨). ئەم گۆڕانکاری و جێگیرییە مێژووییە لە تێڕوانینی فەلسەفەی ئەڵمانیدا، بەتایبەت لای هیغل، وەک بەشێک لە گەشەسەندنی گشتی هۆشیاری و جەوهەری ڕۆحیی بارودۆخەکە و ڕۆحی سەردەمەکە سەیر دەکرێت کە وەک ڕۆحێکی بیرکەرەوە لە ناو خۆیدا بوونی هەیە، کە تێیدا گۆڕانکاری مێژوویی پێویستی بە تێکشکاندنی دۆخی باو هەیە بۆ ئەوەی ئەگەرە نوێیەکان بێنە کایەوە (هیغل، ١٩٨٦، ٤٩-٥٤؛ هیغل، ٢٠٠٧، ٤٠-٤٤). لێرەوە، ماوەردی پشتبەستن بە ڕاستگۆیی و دوورکەوتنەوە لە درۆکردن وەک بنەمای متمانەی گەل دەبینێت کە مێژوویەکی پڕ لە شانازی بۆ دەسەڵاتەکەی تۆمار دەکات، بە هەمان شێوەش دوورکەوتنەوە لە تووڕەیی بۆ سەرکردە بە پێویست دەزانێت، چونکە تووڕەیی دەبێتە هۆی کوێرکردنی عەقڵی سەرکردە و بڕیاری کاتی تووڕەیی کاروباری دەوڵەت تێکدەدات (الماوردي، ١٩٨١، ٦٧، ٧٢).

پەیوەندیی نێوان ڕەوشتی سەرکردە و چارەنووسی شارستانیەتەکان لە فەلسەفەی مێژووی الماوردی شیکارییەکی پێکهاتەیی وەردەگرێت، کاتێک ئارامگرتن لەسەر ناخۆشییەکان و ملکەچبوون بۆ حەق وەک خەسڵەتێکی بنەڕەتی سەرکردە بۆ تێپەڕاندنی قەیرانە مێژووییەکان پێناسە دەکرێت، هاوکات پاراستنی سەرکەوتووانەی نهێنییەکانی دەوڵەت هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتن بەسەر نەیاران و پاراستنی قەوارەی وڵات (الماوردي، ١٩٨١، ٨١، ٨٩). ئەم پرۆسەیە لە ڕێگەی ڕاوێژکردن لەگەڵ کەسانی دانا و سوودوەرگرتن لە بیروڕای جیاواز قووڵتر دەبێتەوە کە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی بڕیارە ڕامیارییەکانی سەرکردە و ڕێگری دەکات لە کەوتنی بۆ ناو هەڵە، هاوشان لەگەڵ بەڵێنپارێزی و وەفاداری بۆ پەیمانەکان کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ناوبانگی لە نێوان دۆست و دوژمندا (الماوردي، ١٩٨١، ٩٩، ١١٦). لە بەرامبەردا، گەندەڵی دەسەڵات و تێکچوونی ڕەوشت لە لوتکەی هەرەمی سیاسیدا دەبێتە هۆی

وێرانبوونی دەوڵەت و خرابوونی نیشتمان، چونکە نەمانی دادپەروەری متمانەی گشتی بە دەسەڵات ناهێڵێت و قۆناغی هەرەسی سیستەمەکە خێراتر دەکات، و لەدەستدانی عەداڵەت و زاڵبوونی ستەم لە ناوچوونی دەسەڵاتی پادشاکان و تێکچوونی بنچینەکانی دەوڵەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، چونکە مێژوو دەریخستووە هیچ شارستانیەتێک بەردەوام نابێت ئەگەر تەنها بنەمای زەبروزەنگ بێتە هێزی بزوێنەری، بەو پێیەی گەندەڵبوونی ڕەوشتی دەسەڵاتداران یەکێکە لەو دوو هۆکارە سەرەکییەی کە دەوڵەتەکان و قەوارە سیاسییەکان بەرەو هەرەس و لەناوچوونی مێژوویی دەبات (الماوردي، ١٩٨٣، ٥٥، ٥٦). ئەم بارودۆخە ستەمکارییە کاتێک ماڵی خەڵک دەخۆن و بەندەکانی خودا دەکەنە خزمەتکاری خۆیان، دەبێتە هۆکاری ڕاستەوخۆ بۆ سەرجەم شۆڕشەکان و ڕاپەرینە مێژووییەکان کە کۆتایی بە تەمەنی دەسەڵات دەهێنن، لە کاتێکدا فەلسەفەی مێژووی نوێ، وەک لای دریدا، ئاماژە بەوە دەکات کە مێژووی مێتافیزیقا هەمیشە مێژووی دیاریکردنی حەقیقەت بووە وەک ئامادەیی و دەرکردنی هەر چەمکێک کە دژ بەو ئامادەییە بوەستێتەوە، تاوەکو هێز بتوانێت مانا بە تەواوی بۆ بەرژەوەندی خۆی قەتیس بکات (الماوردي، ١٩٨٣، ٦٠؛ دریدا، ٢٠١٩، ٥١-٥٨، ٧٤-٧٨).

الماوردي پێیوایە کە پاشاکان و سەرکردەکان پێشەنگ و نموونەی باڵای گەلەکەیانن و ڕەفتاری ئەوان کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کۆمەڵگە، بۆیە ڕاهاتن لەسەر پێداچوونەوەی بەردەوامی کارەکان وا دەکات پاشا هەمیشە ئاگاداری کەموکوڕییەکانی دەسەڵاتی خۆی بێت، و پێویستە لە ڕووی ئاینییەوە باشترینی خەڵک بێت بۆ ئەوەی بتوانێت دادپەروەری ڕاستەقینە بچەسپێنێت (الماوردي، ١٩٨١، ١٢٤، ١٣٥، ١٤٣). لەبەر ئەوە، هیچ دەوڵەت و دەسەڵاتێک دروست نەبووە ئیلا لەسەر بنچینەی دین و باوەڕێک بونیاد نراوە کە وەک کۆڵەکەیەک پارێزگاری لە ڕەوشت و یەکێتی گەل دەکات و نەبوونی ئەم بنەمایە سەرەتای داڕووخانی نیشتمانە (الماوردي، ١٩٨٣، ٦٧). لادان لەم بنەمایانە، وەک دروستبوونی جیاوازی لە نێوان ئوممەتدا، دەبێتە هۆی دروستبوونی دەمارگیری کۆمەڵایەتی و پاشان گۆڕانی بۆ حزبایەتی بەرتەسک و ململانێی ناوخۆیی، و کاتێک گەنجینەکانی دنیا و سەروەت بۆ سەرکردەکان دەکرێنەوە، مەیلیان بۆ چێژ و خۆشگوزەرانی دروست دەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی دوژمنایەتی و ڕق لە نێوانیاندا لەسەر دابەشکردنی دەستکەوتە مادییەکان (الماوردي، ١٩٨٣، ٦٨). لێرەوە فەلسەفەی مێژووی الماوردي ڕەخنە لە پشتبەستنی پادشاکان بە سیستەمی میراتی دەگرێت بەبێ تاقیکردنەوەی عەقڵ و فەزڵی جێنشینەکان، چونکە نەزانین و لێهاتوویی بە میرات نادرێت، و سەرخۆشبوونی گەنجی و سەروەت و حەز و دەسەڵات وا لە پادشای نوێ دەکات کە لە ڕووداوەکانی زەمان نەترسێت و پێشبینی گۆڕانکارییە مێژووییەکان نەکات، بەمەش کاتێک پادشا تەنها شوێن چێژ و شەهوەتی نەفسی دەکەوێت، حوکمەکانی دنیا و سنوورەکانی سیاسەت پشتگوێ دەخات و ناتوانێت ئەرکە ئەمنیی و ئابوورییەکانی دەوڵەت بە شێوەیەکی دروست و ڕێکخراو جێبەجێ بکات (الماوردي، ١٩٨٣، ٦٨). شوێنکەوتنی هەوای نەفس لەلایەن دەسەڵاتدارەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە سیاسەتەکەی ببێتە گاڵتەجاڕی و پاراستنی گەلیش ببێتە یاری، و لە سایەی پادشای شەهوەتپەرستدا ستەمکار و مەزڵوم لە ناو ڕەعیەتدا زۆر دەبن و خەڵکیش چاو لە پادشاکانیان دەکەن لە خراپەکاری و لادان لە یاساکان، لە کاتێکدا وەزیرەکانی خراپە و یاریدەدەرانی ستەمکار بە ناوی ئامۆژگارییەوە فێڵ لە پادشا دەکەن و ڕێگا ڕاستەکەی لێ ون دەکەن (الماوردي، ١٩٨٣، ٦٩).

ئەم داڕووخانە ناوخۆییە کاتێک وەزیرە خراپەکان زاڵ دەبن، دەبێتە هۆی ئەوەی حەکیمەکان و زانایان یا دوور بخرێنەوە یاخود لەبەر ترسی سزا بێدەنگ بن، بەمەش دەوڵەت لە عەقڵە گەورەکان و ڕاوێژکارە ڕاستگۆکان بێبەش دەبێت، و کاتێک سەرکردەکان مەیلیان بۆ چێژ و خۆشی مادی دەبێت، ئاراستەی گەلەکەش دەگۆڕێت و ململانێی شمشێرەکان دەست پێدەکات، و کاتێک خەڵک دەبینن پادشا هیچ فەزڵێکی زانستی و ئەقڵیی نییە، ڕێز بۆ دەسەڵاتەکەی دانانێن (الماوردي، ١٩٨٣، ٦٩، ٧١). لەم دۆخەدا، بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی ناوخۆیی و دەرکەوتنی یاخیبووان، دەوڵەت ناچار دەبێت خەرجییەکی زۆر بۆ سوپا و حاشیە تەرخان بکات کە ئەمەش ئابووری وڵات لۆ زەمەنێکی درێژ پەکیدەخات، و کاتێک ماڵی دەوڵەت کەم دەکات، پادشا باجی قورس دەسەپێنێت و ڕەعیەتیش لە دژی پادشا هاوکاری دوژمنانی دەرەکی دەکات، بە شێوەیەک کە نەوەکانی دوای سەردەمی چاکە مەیلیان بۆ دنیا دروستبوو و ماڵی گشتییان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکارهێنا (الماوردي، ١٩٨٣، ٧١، ٧٢). ئەم گەندەڵی و لادانە ئەخلاقییە وا دەکات ئەگەر سەرکردە نوقسان و لادەر بێت لە پرنسیپەکان، خەڵکیش مەیلیان بۆ خراپەکاری ببێت، چونکە کاتێک کۆمەڵگە ڕەوشتی سەرکردە گەندەڵەکان وەک مۆدێل وەردەگرێت، گشت جومگەکانی وەک پەروەردە و ئابووری و کۆمەڵایەتی تووشی ئیفلیجی دەبن و ئەمەش گەورەترین نیشانەی هەرەسی نەتەوەکانە لە مێژوودا، کە تێیدا کاتێک پادشا لە سیرە و ڕەوشتی چاک دوورکەوتەوە، عامەی خەڵکیش لێی دوور دەکەونەوە و ئەوەی فێڵ لە پێشەوا بکات فێڵ لە هەموو گەل دەکات، و ئەگەر سەرکردە مەیلی بۆ مەزهەبێکی تایبەت ببێت، ڕەعیەتیش مەیلیان بۆی دەبێت و ناکۆکی ناوخۆیی لە مێژوودا بەرپا دەکات (الماوردي، ١٩٨٣، ٣٤، ٣٥، ١١٨).

پاراستنی دەوڵەت لەم چارەنووسە مێژووییە پێویستی بە گرنگیدان بە زانست و ڕێزگرتن لە پێگەی زانایان هەیە کە دەبێتە هۆی گەشەکردنی کۆمەڵگە، چونکە فەزڵی زانست لەوەدایە کە کۆمەڵگە لە تاریکی نەزانی ڕزگار دەکات و دەوڵەتێک کە گرنگی بە زانست نەدات ناتوانێت لە ململانێ مێژووییەکاندا خۆی ڕاگرێت، چونکە زانست هێزی بونیادنانی شارستانیەتەکانە (الماوردي، ١٩٨١، ٢٧٤؛ الماوردي، ١٩٨٣، ١١٩). لێرەوە، سستی لە بڕیاردان و نەبوونی ئیرادەی بەهێز لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانە نیشتمانییەکاندا هۆکاری خێراکردنی مێژووی هەرەسی دەوڵەتەکانە، بۆیە پادشا پێویستە خاوەنی سەبر بێت لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی خەڵکدا، چونکە بێزاربوونی دەسەڵاتداران لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان و گوێ نەدان بە سکاڵای مەزڵومان نیشانەی لاوازبوونی پێگەی سیاسی دەوڵەتەکەیە، و کاتێک دەسەڵات متمانەی خۆی لەدەستدەدات بەهۆی نەبردنی بەڵێنەکانی بۆ گەل، پێگەی جەماوەری نامێنێت (الماوردي، ١٩٨٣، ١٣١، ١٣٧، ١٤٢). لەم سۆنگەیەوە، کاتێک خودای گەورە بۆ ئۆمەت سەرکردەیەکی دانا تاوەکو تدبیر لەسەر ئاین ڕێک بخرێت و کاروبارەکان لەسەر ڕای ئەو یەک بگرن، بوو بە بنەمایەک بۆ دروستبوونی دەسەڵاتەکان لە مێژوودا، بەڵام دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر بنەمای هێز پێویستی بە هۆشیاری هەیە تاوەکو هێزەکە نەبێتە هۆی ستەمکردن، و پێویستە ئاوەدانکردنەوەی شارەکان و پاراستنی سەر و ماڵی هاووڵاتیان بپارێزرێت، و بنەمای سیاسەتی دادپەروەرانە لە نێوان هاندان و ترساندندا هاوسەنگ بکرێت، بە شێوەیەک کە شێوازی مامەڵەکردنی پاشا لەگەڵ یاریدەدەران و دەوروبەرەکەی ڕۆڵی گرنگی هەیە لە بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەی وڵاتدا (الماوردي، ١٩٨٩، ١٣-١٨؛ الماوردي، ١٩٨١، ١٥٤، ١٥٨، ١٨١، ١٩٢).

پرۆسەی چاکسازی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە ڕوانگەی الماوردي پێویستی بە ستراتیژییەکی گشتگیر هەیە، کە تێیدا ڕێگای ڕزگاربوون لە وەزیرە خراپەکان و ڕێگریکردن لە هەرەسی دەوڵەت ئەوەیە کە پادشا دەرگای دادپەروەری بۆ خەڵکەکەی بکاتەوە، و باشترین ڕێگا بۆ ڕێگریکردن لە تەماعکاری دوژمنان بریتییە لە یەکخستنی دڵی خەڵک لە ڕێگای دادپەروەرییەوە، بۆیە هەمیشە پێویستە پادشا بە چاککردنی عەیبەکانی خۆی شەڕ و پلانی دوژمنەکانی دوور بخاتەوە (الماوردي، ١٩٨٣، ٧٤، ٧٦). گرتنەبەری ڕێگای ئاشتی و حیکمەت لە سیاسەتی دەرەوەدا دەوڵەت لە شەڕی بێهودە دەپارێزێت، و ئاشتی ناوخۆیی و پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکان ڕێگری دەکات لە دروستبوونی جەنگی ناوخۆیی، هاوشان لەگەڵ پابەندبوون بە پەیماننامەکان کە هێمای هێز و شەرعیەتی دەوڵەتە، چونکە چاکسازی کاروباری ڕەعیەت و دابینکردنی پێداویستییەکانیان گەورەترین ئەرکی مێژوویی دەسەڵاتە و دەوڵەتێک کە لەسەر ئەم بنەمایە بونیاد نەنرێت ناتوانێت لە مێژوودا بەردەوام بێت (الماوردي، ١٩٨٣، ١٣٤، ١٤٢، ١٩٦). لەم پێناوەدا، پاراستنی سنوورەکان، دادپەروەری لە دابەشکردنی سامانی نیشتمانی، و نەهێشتنی گەندەڵی و سزادانی مفسدین زامنی مانەوەی شارستانیەتەکانە، چونکە لێخۆشبوون لە گەندەڵکاران سیستەمی دادوەری پەکدەخات، بۆیە پڕکردنەوەی کەلێنە ئابووری و کارگێڕییەکان لە کاتی خۆیدا و هۆشیاری سیاسی لە دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکانی دەوڵەت وا دەکات قەوارە نیشتمانییەکە لۆ چەندین سەدە بە سەربەرزی بمێنێتەوە (الماوردي، ١٩٨٣، ١٩٩، ٢٠٠، ٢١٧). لە ڕوانگەی ئابووری و کارگێڕییەوە، فەلسەفەی هێزی دارایی لای ماوەردی لەسەر بنەمای هاوسەنگی کۆمەڵایەتی بونیاد نراوە لە ڕێگەی جیاکاری لە نێوان داراییە دیارەکان و نادیارەکان بۆ ڕێزگرتن لە تایبەتمەندی تاکەکان و جێگیرکردنی مافی هەژاران، و ئەو هانی وەبەرهێنان و ئاوەدانکردنەوەی زەوییە بێسوودەکان دەدات لە ڕێگەی بەخشینی مافی خاوەندارێتی بەوانەی کاری تێدا دەکەن (الماوردي، ١٩٨٩، ١٤٥-١٤٧، ٢٣١-٢٣٣؛ حسن، ١٩٧٧، ٢١؛ صلاح الدين، ١٩٨٣، ٣٣). الماوردي لە یاسای پاراستنی ژینگە و سامانی سروشتیدا سنوورێکی توند بۆ دەسەڵاتی خاوەندارێتی تایبەت دادەنێت تا ڕێگری لە پاوانخوازی بکرێت، و یاساکانی بەخشینی زەوی وەک ئامرازێکی سیاسەتی دارایی بۆ دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان بەکاردێنێت، هاوکات جێبەجێکردنی ئەحکامی تاوان، سزاکان، و سیستەمی حیسبە و موحتەسیب وەک ئامرازێک بۆ بەرپەرچدانەوەی هێزی تێکدەر، پاراستنی ئەخلاقی گشتی، و ڕێگریکردن لە فەوزا و دارمانی قەوارەی سیاسی دەوڵەت لە ناوخۆوە دەخاتە ڕوو (الماوردي، ١٩٨٩، ٢٤٢-٢٤٣، ٢٤٨-٢٤٩، ٢٨٤-٢٨٥، ٣٠٨، ٣١٥، ٣٢٨).

**بەشی سێیەم: فەلسەفەی مێژوو و ئەزموونی ئەخلاقی لای مسکویە**

دارشتنی فەلسەفەی مێژوو لە دیدگای مسکویەدا لەسەر بنەمایەکی ئەخلاق و دەروونی قووڵ دامزراوە کە تێیدا ڕەوتی ڕووداوە دەرەکییەکان و چارەنووسی شارستانیەتەکان بە بارودۆخی ناوەکی و فیکری مرۆڤەکانەوە گرێ دەدرێت بە شێوەیەک کە یەکگرتن و هاوکاری وەک هەنگاوێکی گەورەی مانەوەی شارستانیەت و مرۆڤایەتی سەیر دەکرێن (مسکویە، ١٩٨٥، ١١٢) چونکە سروشتی مرۆڤ وایە کە بە تەنیا ناتوانێت هەموو پێداویستییەک دابین بکات و کۆبوونەوەی مرۆڤەکان لە شارەکاندا سەرەتای گەشەکردنی مێژووییە و ئەمەش بنەمایەکە بۆ دروستبوونی کولتوور و فەلسەفە (مسکویە، ١٩٨٥، ٣٣-٣٥) بەڵام، ئەم کۆبوونەوە و سەرهەڵدانی شارە هەمیشە پێشوازی لە گەشە دەکات و هەر بیرمەندێک بە دیدی خۆی باسی دەکات بە جۆرێک کە بەرلە داڕووخان قۆناغی زێڕین دێتە بەرهەم و مرۆڤایەتی لەم ڕێگەیەدا دەچێتە ناو خەم (مسکویە، ١٩٨٥، ١٠-١٣) ئەم گۆڕانکارییە مێژووییەش پێویستی بە بەدواداچوونی هەموو فاکتەرە بایۆلۆژی و دەروونی و فیکری و باوەڕی و ئابوورییەکان هەیە بۆ ئەوەی وێنەیەکی تەواو پێکبهێنن چونکە یاسای مێژوو ڕێڕەوێکی دیاریکراوە و بۆچوونی زانایان لەسەری جیاواز ماوە بەڵام، ئەزموون و بایۆلۆژیا لێرەدا یەک دەگرن و کۆتایی تەمەنی گەلان وەک یەک دەبڕن (مسکویە، ١٩٨٥، ١٠) لێرەوە مسکویە لە خوێندنەوەی مێژوودا پشت بە بەڵگەی عەقڵی دەبەستێت و ئەو پێی وایە مێژووی ڕابردوو پڕە لە پەند بۆ داهاتوو و تێکچوونی سیستەمەکان هەمیشە هۆکاری دەروونی و ڕەوشتی هەیە کاتێک تاکەکان ئامانجی ڕاستەقینەی خۆیان لەدەست دەدەن (مسکویە، ١٩٨٥، ٧) ئەمەش پێمان دەڵێت کە یاساکانی مێژوو لای مسکویە وەک ئەزموونێکی مرۆیی سەیر دەکرێن کە تێیدا مرۆڤەکان لە ڕێگەی تاقیکردنەوەوە کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە دەبەن و ژیان لەسەر هۆیە ڕەوشتیەکان وەستاوە (مسکویە، ١٩٨٥، ٤-٨) بەم جۆرە چەمکی مێژوو وەک ئەزموون هێز دەدات بە ئیرادەی مرۆڤەکان و کۆمەڵگە دەتوانێت لە هەڵەکانی ڕابردوو فێری وانەی نوێ بێت چونکە داڕووخان شتێکی حەتمی نییە ئەگەر عەقڵ حاکم بێت و مسکویە لێرەوە گەشبینی خۆی بۆ چاکسازی نیشان دەدات (مسکویە، ١٩٨٥، ٨).

لە ڕوانگەی میتۆدی بەراوردکارییەوە دەتوانرێت ئەو هاوپەیوەندییە شیکار بکرێت کە مسکویە لە نێوان هێزە ناوەکییەکانی دەروون و دیاریکردنی ئاڕاستەی مێژوودا دروستی دەکات کاتێک ڕوونیدەکاتەوە کە غەریزە ئاژەڵییەکان کاتێک بەسەر عەقڵی مرۆڤدا زاڵ دەبن مرۆڤ بەرەو تێکدان و ستەمکاری و چاوچنۆکی هەنگاو دەنێت و ئەم غەریزانە دەبنە هۆی مەرگی هێواشی هۆشیاری لە کۆمەڵگەدا و شارستانییەتەکان لە ناوەوە بەهۆی سەرپێچی عەقڵەوە لاواز دەبن (مسکویە، ١٩٨٥، ١٢٣) بە تایبەت کاتێک غەریزەی ئاژەڵی کاتێک زاڵ دەبێت ڕەوشتی فەرمانڕەوا بەرەو خراپی دەچێت و لێکهەڵوەشانی ناوەکی سەرەتای کۆتاییە و مەرگی شارستانییەت لەم غەفڵەتە دایە (مسکویە، ١٩٨٥، ٢٣-٢٤، ٢٨-٢٩) ئەم پرۆسەی دارمانە لە ڕاستیدا لەووەوە سەرچاوە دەگرێت کە هێزی غەزەب و هێزی شەهوەت پێویستیان بە ڕێکخستن هەیە چونکە ئەگەر غەزەب کۆنترۆڵ نەکرێت دەبێتە هۆی توندوتیژی و شەڕ و ئەگەر شەهوەت بەڕەڵا بێت دەبێتە هۆی چاوچنۆکی و گەندەڵی و عەقڵ تەنیا هێزە کە دەتوانێت ئەم دوو هێزە مهار بکات (مسکویە، ١٩٨٥، ١٤) بۆیە کاتێک پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی ماددی بن خۆشەویستی ڕاستەقینە و هاوسۆزی

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٩

لە نێوان مرۆڤەکاندا نامێنێت و ئەم گۆڕانکارییە دەبێتە هۆی دروستبوونی کینە و دوژمنکاری و کۆمەڵگەیەک کینە بەڕێوەی ببات نەتەوەکان بەرەو وێرانی دەبات چونکە مێژوو پڕە لە دەرس و نموونە و تێکچوونی مرۆڤ هۆکاری ئەم کەمبوونە و کاتێک دادپەروەری نامێنێت لە ناودا شار بەرەو وێرانی دەچێت لە جیهاندا (مسکویە، ١٩٨٥، ٢٠) لێرەوە پاراستنی دەروون لە ڕەزیلەتەکان ئەرکی هەر تاکێکی هۆشیارە و مسکویە ڕێنمایی تەواو دەدات بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیکانی دەروون چونکە تەزکیەی دەروون کۆمەڵگە لە داڕووخانی ناوەکی ڕزگار دەکات و ئەمە ئەو پەیامە سەرەکییەیە کە لە کتێبەکانیدا دەیبینین (مسکویە، ١٩٨٥، ٢١) ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە بنەما ڕەوشتییەکان کۆڵەکەی سەرەکین بۆ مانەوەی هەر کۆمەڵگەیەک و کاتێک دادپەروەری لە ناو بچێت سیستەمی گشتی لێک هەڵدەوەشێت چونکە مسکویە پێی وایە مرۆڤ بەبێ ڕەوشت ناتوانێت هاوسەنگی بپارێزێت و ڕێگای ڕاست بۆ مرۆڤەکان دیاری دەکات (مسکویە، ١٩٨٥، ١١١-١١٣).

لەم چوارچێوەیەدا دادپەروەری لای مسکویە بەر لەوەی تەنها ڕێکخستنێکی دەرەکی یان کۆمەڵایەتی بێت هاوسەنگییەکی ناوەکی قووڵی پێکهاتەی دەروونی مرۆڤە کە تێیدا عەقڵ وەک هێزێکی باڵا و ڕێبەر دەست بەسەر هێزە نزمەکانی دیکەی دەروندا دەگرێت و ڕێگری دەکات لە سەرهەڵدانی نەخۆشییە دەروونی و ئەخلاقییەکانی وەک چڵێسی و ڕق و حەسادەت کە دەبنە هۆی شێواندنی کەسایەتی مرۆڤ و ئەم کۆنترۆڵکردنە عەقڵانییە هۆکاری سەرەکییە بۆ گەیشتن بە ئاشتی ناوەکی و دروستبوونی دۆخی ئۆلفەت و هاوڕێیەتی ڕاستەقینە لەگەڵ کۆمەڵگەدا چونکە کاتێک مرۆڤ لە ناوەوە سەرکەوتووانە زاڵ دەبێت بەسەر ئارەزووە ماددییەکانیدا و واز لە پارەپەرستی دەهێنێت لە کۆیلایەتی مادده ڕزگاری دەبێت و دەتوانێت بەزەیی و مەروەت وەک هێزێکی دەروونی ئەرێنی لە پێناو بەیەکەوەژیاندا بەکاربهێنێت و هەر ئەو دیدە ڕوشتی و دەروونیە ئاوێتەی پرسی فەلسەفەی مێژوو دەبێت و دادپەروەری لای مسکویە دەبێتە بزوێنەری بنەڕەتی بۆ بەردەوامی و ڕەوتی پێشکەوتنی شارستانیەتەکان و بنیادنانی هێزی ناوەکی دەسەڵات چونکە مێژووی گەلان تەنها زنجیرەیەک لە ڕووداوی ڕووت نییە بەڵکو ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆیی یەکڕیزی و ڕەوشتی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانە و کاتێک فەزیلەتەکانی وەک پاراستنی پەیمان و هاوبەشی چاک و بڕیاردانی دادپەروەرانە لە ناو مێژووی دەسەڵاتدارێتی و کۆمەڵگەدا کاڵ دەبنەوە و بەرژەوەندی تاکەکەسی و درۆ و ساختەکاری جێگەی دەگرنەوە قۆناغی دارمانی مێژوویی ئەو شارستانیەتە دەست پێدەکات و بەم شێوەیە پاراستنی ئەم بەها ئەخلاقییانە مەرجی سەرەکییە بۆ پاراستنی هێزی ناوەکی کۆمەڵگە و ڕێگریکردن لە هەرەسهێنانی مێژوویی گەلان (مسکویە، ١٩٨٥، ١٩-٢٠) کەواتە پێناسەی شارستانییەت لای بیرمەندان پەیوەستە بە گەشەی کۆمەڵگە و قۆناغەکانی گەشەکردن نیشانەی هێز و توانای مرۆڤن لە مێژوودا و مسکویە پێی وایە عەقڵ بنەمای سەرەکی بنیادنانی کەسایەتی مرۆڤە پێش شارستانییەتە و پێش ئەوەی قۆناغی داڕووخان و سستی ڕوو لە کۆمەڵگە بکات (مسکویە، ١٩٨٥، ٤١-٤٢).

کاتێک بەراوردکاری لە نێوان پایەکانی دەسەڵاتی سیاسی و سیستەمی ئەخلاقیدا دەکەین تێدەگەین کە سیستەمی ئەخلاقی مسکویە پەیوەندی بەقووڵی لەگەڵ سیاسەتدا هەیە چونکە سیاسەتی دادپەروەرانە بەبێ ڕەوشتی بەرز جێبەجێ ناکرێت و پاشاکان پێویستیان بە حیکمەت هەیە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و نەمانی حیکمەت سەرەتای لێکهەڵوەشانی هەموو دەسەڵاتێکە (مسکویە، ١٩٨٥، ٨) لەبەر ئەوە تێکچوونی ڕەوشتی فەرمانڕەوایان خێراترین هۆکارە بۆ

داڕووخان و کاتێک دەسەڵاتدار تەنیا بەدوای حەز و ئارەزووی خۆیدا دەچێت دادپەروەری بیر دەچێتەوە و ستەم لە ژێردەستەکان دەکرێت و ئەمەش لە مێژوودا هەمیشە بووەتە هۆی ڕووخانی دەوڵەتەکان (مسکویه، ١٩٨٥، ٩٣-٩٥) لەم گۆشەنیگایەوە مەرگی شارستانیەت لای مسکویه پرۆسەیەکی ناوەکی و دەروونییە و پێش ئەوەی سوپاکان هێرش بکەن دەروونەکان تێک دەچن و کاتێک مرۆڤەکان شەهامەت و عیفەت و حیکمەت لەدەست دەدەن ئیدی کۆمەڵگە توانا و هێزی بەرگری نامێنێت (مسکویه، ١٩٨٥، ٧- ١٥) چونکە مسکویە لە ڕێگەی تێڕامانینەکانیەوە پاشایەتی وەک دۆخێکی نائارامی و هەژاریی دەروونی قووڵ وێنا دەکات نەک تەنها وەک دەسەڵاتێکی دەرەکی بەو پێیەی تێرنەبوونی ئارەزووەکان و بەردەوامی پێویستییەکان دەبنە هۆی دروستبوونی دڵەڕاوکێ و حەسادەت و تێکچوونی ئاشتی ناوەکی و مرۆڤی خاوەن دەسەڵات لە ڕوانگەی دەروونییەوە لە ژێر فشاری بەردەوامی دۆزینەوەی چێژی نوێ و پاراستنی سامانەکەدایە کە ئەمەش وای لێ دەکات لە ناوەوە غەمبار و لە دەرەوە ڕووناک بێت و پاشا دوای ماوەیەکی کەم لە بەدەستهێنانی دەسەڵات چێژی ڕاستەقینە لەدەست دەدات و تووشی بێزاری دەبێت چونکە بەهای ڕاستەقینەی مرۆڤ بەستراوە بە زاتی و هۆشمەندییە ناوەکییەکانەوە نەک بە شتە دەرەکی و کاتییەکان کە مرۆڤ دەکەنە کۆیلەی ماددە هەرووها لە دیدی فەلسەفەی مێژووەوە دەسەڵاتی پاشاکان و تەمومژ و دیمەنە دەرەکییەکانی وەک تەخت و سوپا و گەنجینەکان تەنها سەرابێکی خەڵەتێنەرن و بەردەوامی مێژوویی مسۆگەر ناکەن چونکە لە سروشتی مێژوودا هەموو دەسەڵاتێکی ماددی بەرەو تێکچوون و لەناوچوون دەڕوات و خەرجکردنی سامانی دەوڵەت بۆ پاراستنی سەربازەکان و گەنجینەکان نیشانەی لاوازی هێزی ناوەکی ئەو دەسەڵاتەیە لە بەرامبەر کارەساتە مێژووییەکاندا و مسکویە لە ڕێگەی گواستنەوەی سەرنج لە پاشایەتی کاتی بۆ پاشایەتی ڕاستەقینەی ئەبەدی ئەوە دەردەخات کە مێژووی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی لە ڕێگەی گەشەسەندنی فیکری و بەهای ڕۆحی جێگیرەوە بنیاد دەنرێت نەک لە ڕێگەی ڕووداوە سیاسییە کاتییەکان و دەسەڵاتی فانی گەلان (مسکویه، ١٩٨٥، ١٥٠- ١٥١).

لەم ڕوانگەیەوە ئەرکی سەر شانی فەرمانڕەوا لەسەر بنەمای هێنانەدی بەختەوەری کۆمەڵایەتی دادەمەزرێت بە چەشنێک کە پێویستە لەسەر بەڕێوەبەری شارەکان کە هەر مرۆڤێک بەرەو ئەو بەختەوەرییە ئاڕاستە بکات کە تایبەتە بە خۆی پاشان بایەخدان و ڕوانینی خۆی بۆ خەڵکی دابەش دەکات بۆ دوو بەش یەکێکیان لە ڕێنماییکردنی خەڵک و ڕاستکردنەوەیان لە ڕێگەی زانستە فیکرییەکانەوە و ئەوی دیکە لە ڕێنماییکردنیان بەرەو پیشەسازی و کارە هەستییەکان و ئەگەر بەرەو بەختەوەری فیکری ڕێنمایی کردن بە هێنانەدیان لە گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی لەسەر ڕێگەی شیکاری و ڕاگرتنیان لە لای ئەو هێزانەی کە باسمان کردن و ئەگەر بەرەو بەختەوەری کرداری ڕێنمایی کردن بە هێنانەدییان لە لای ئەم هێزانەوە و کۆتایی پێهێنانیان بۆ ئەو ئامانجە دا بەختەوەری ڕەوشتییە و ئەوەی کە تەواوی کردارەکان لە لایەن ئێمەوە بە جوانی دەربچن وەک چۆن لە سەرەتای کتێبەکەدا کێشامان و تایبەتمان کردووە بە شەیدایانی فەلسەفە تایبەت نەک بۆ خەڵکی گشتی و لەبەر ئەوەی تێڕامان لە پێش کردارەوە بوو پێویست بوو خێری ڕەها و بەختەوەری مرۆیی باس بکەین بۆ ئەوەی ئامانجی کۆتایی تێبینی بکرێت پاشان بەو کردارە ویستییانە داوا بکرێت کە کورتەیانمان لە وتاری یەکەمدا باس کرد و ئەریستۆتالیس تەنها کتێبەکەی بەم شوێنە دەست پێکردووە و بە هێنانەوەی خێری ڕەها دەستی پێکردووە بۆ ئەوەی بناسرێت و شەیدایی بۆ دروست ببێت و

ئێمەش ئەوەی دەیڵێت باس دەکەین و دوای دەکەوین بەوەی کە لە شوێنەکانی تریش لێیمان وەرگرتووە بۆ ئەوەی کە بڵاوی کردووەتەوە لە یەک شوێندا کۆببێتەوە بەم پێیە لە وتاری سێیەمی خێر و بەختەوەریدا بەپێی توانامان ئەوەی لای ڕاڤەکارانی کتێبەکانی کە لە داناییەکەیەوە نزیکن وەرگرتووە زیاد دەکەینە سەر ئەوە و خودا سەرخەر و پاڵپشتە چونکە خێر بە دەستی ئەوە و ئەو بەسمانە و باشترین بریکارە کە پێمان دەڵێت دادپەروەری کۆڵەکەی مانەوەی شارە و بەیەکەوەژیان نەبێت کۆمەڵگە بێزارە و ئەمە بنەمایە بۆ پاراستنی گەلان لەم دنیایە (مسکویه، ١٩٨٥، ١٩، ٢٥، ٦٢-٦٣).

مسکویە لە درێژەی ئەم خوێندنەوە شیکاریە مێژووییەدا پێی وایە کاتێک سەیری ئەم جۆرە ڕووداوانەم کرد بینیم ئەگەر نموونە و تاقیکردنەوەی ڕابردووان بزانیت دەبێتە پێشەنگێک بۆت کە چاوی لێ بکەیت بۆ ئەوەی خۆت بپارێزیت لەو بەڵایانەی بەسەر گەلانی دیکەدا هاتوون و دەست بگریت بەو شتانەوە کە بوونەتە هۆی بەختەوەریی خەڵکی دیکە چونکە کاروباری دونیا هاوشێوەی یەکترن و بارودۆخەکانیش وەک یەکن و کەسێک کە مێژوو بزانیت وەک ئەوە وایە خۆی لەو سەردەمەدا ژیابێت و خۆی بەشداریی لەو ڕووداوانەدا کردبێت و بەمەش پێش ئەوەی ڕووداوەکان ڕووبدەن پێشبینییان دەکات و دەبێتە خاوەن ئەزموون بەرامبەریان (مسکویه، ٢٠٠٣، ١، ٥٩-٦٠) بۆیە بەراوردکردنی ڕابردوو لەگەڵ ئێستادا دەبێتە بنەمایەک بۆ ناسینی داهاتوو چونکە مسکویە دەڵێت من وا دەبینم ئەم جۆرە ڕووداوانە ئەگەر نموونەیەکی هاوشێوەیان لە ڕابردوودا هەبێت و ئەزموونی پێشینانی تێدا بێت دەبێتە ڕێبەرێک کە مرۆڤ چاوی لێ بکات تا خۆی بپارێزێت لەو بەڵایانەی بەسەر گەلانی دیکەدا هاتوون و دەست بگرێت بەو شتانەی بوونەتە هۆی بەختەوەری نەتەوەکانی دیکە چونکە کاروباری ئەم جیهانە لە یەک دەچن و بارودۆخەکانی هاوشێوەی یەکترن بەمەش هەموو ئەو مێژووەی مرۆڤ دەیپارێزێت و لێی تێدەگات وەک ئەوە وایە ئەزموونی ڕاستەقینەی خۆی بن کە تێیاندا تاقیبووبێتەوە و پێیان پێگەیشتبێت هەر وەک ئەوەی لەو سەردەمە کۆنانەدا ژیا بێت و خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ئەو بارودۆخانە بووبێتەوە بەم جۆرە مرۆڤ وەک کەسێکی شارەزا پێشوازی لە کارەکانی دەکات و پێش ڕوودانیان دەیانناسێت و دەیانخاتە بەر چاوی خۆی بۆیە هاوشێوەی ئەو ڕووداوانە ئامادە دەکات و بەپێی شێوازەکەی خۆیان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە جیاوازییەکی زۆر گەورە هەیە لە نێوان کەسێک کە بەم شێوەیە هۆشیار بێت و کەسێکی بێئەزموون کە لە بابەتەکان تێناگات تەنها دوای ڕوودانیان نەبێت و هەمیشە وەک کەسێکی نامۆ تەماشای مێژوو دەکات بە شێوەیەک هەر کێشەیەک بێتە پێشی سەری لێ دەشێوێنێت و هەر ڕووداوێکی نوێ بێتە ڕێی تووشی سەرسوڕمانی دەکات (مسکویه، ٢٠٠٣، ١، ٥٩-٦٠) لە کۆتاییدا دەردەکەوێت کە کرۆکی ڕووداوەکان و ئەو بەسەرهاتانە ئەوەیە کە ئیبن مەسکۆوە ئاماژەی پێکردووە کاتێک دەڵێت تێیاندا شتانێکم دۆزییەوە کە ئەزموونیان لێ وەردەگیرێت لەو بابەتانەی هێشتا هاوشێوەکانیان دووبارە دەبنەوە و چاوەڕوان دەکرێت ڕووداوی لەو شێوەیە ڕووبدەن (مسکویه، ٢٠٠٣، ١، ٥٩) ئەمەش وا دەکات فەیلەسوفی مێژوو بە میتۆدێکی زانستی و بەراوردکاری پەنا بباتە بەر فاکتەرە دەروونی و فیکری و باوەڕییەکان بۆ دۆزینەوەی یاساکانی مێژوو.

**بەشی چوارەم: بەراوردکاریی نێوان الماوردي و مسکویە لە دیاریکردنی ئاڕاستەی مێژوو**

بنیاتی مێژووی مرۆیی لەسەر بنەمای فەلسەفەی کارلێکی نێوان خودی مرۆڤ و ژینگەی دەوروبەری دادەمەزرێت کە تێیدا مرۆڤ بەجۆرێک ئافراوە کە پەیوەستە بە دەوروبەری خۆیەوە و ئەمەش وادەکات وەک چۆن بکەری گۆڕانکارییەکانە بە هەمان شێوە بکەوێتەژێر کۆمەڵێک کاریگەری جیاوازەوە و لەیەک کاتدا وەک کارتێکەر و کارلێکراو یان بکەر و بەرکار دەربکەوێت (کەمال، ب س، ٣٤) و لەم سونگەیەوە مرۆڤ وەک کائینێکی ئاگامەند و ژیر و خاوەن پەیبردن ڕۆڵی گۆڕانکاریکەری پێ دەبەخشرێت چونکە بەهۆی هەبوونی ئاگامەندی و ترس لە دەوروبەری هەمیشە لە دۆخی بێداریدایە و ئەم دۆخەش مێژووی ئاگامەندی سروشت و گەشەی شارستانییەت پەرەپێدەدات و وای لێدەکات زیاتر هەوڵی پاراستنی دەسکەوتەکانی بدات و هەموو هۆیەکانیش بۆ ئەو مەبەستە بگرێتە بەر (فارابی، ٢٠١٩، ٩٥-١٠٤-١٢٥-١٣٩) لێرەوە فەلسەفەی مێژوو لە نێوان حەتمییەت و ئیرادەی چاکسازیدا دابەش دەبێت بە شێوەیەک کە ئەزموونی مێژوویی ڕابردوو لای مسکویە وەک دەرسێک بۆ تێگەیشتنی مرۆڤ ماوەتەوە لە کاتێکدا لای بیرمەندانی وەک الماوردي مێژوو تەنها سوڕێکی گەشەی سروشتییە کە تێیدا شارستانیەت وەک زیندەوەرێک کۆتایی پێ دێت (الماوردي، ١٩٨١، ١٢٠-١٢٤؛ مسکویە، ١٩٨٥، ٤-٦) چونکە مسکویە تێکچوونی ڕەوشتی دەروون بە هۆکاری سەرەکی دادەنێت و پێی وایە مرۆڤ خۆی بەرپرسە لە شکست و سەرکەوتنی کۆمەڵگە بەڵام، لای الماوردي هۆکارەکە حەتمییەتی کۆتایی مێژووە لە جیهاندا و سروشت بڕیار لەسەر تەمەنی شارستانییەتەکان دەدات

نەک ئەخلاق (الماوردي ،١٩٨١، ١٢٤؛ مسكويه، ١٩٨٥، ١١) بەڵام، ڕۆڵی ئیرادەی مرۆڤ خاڵی سەرەکی ناکۆکی نێوان ئەم دیدە جیاوازانەیە چونکە، مسکویه بڕوای تەواوی بە توانای چاکسازی و گۆڕانکاری یاسایی هەیە و پێی وایە بە پەروەردە دەتوانرێت کۆمەڵگە لە لێوارە ڕزگار بکرێت کاتێک مرۆڤەکان دەگەڕێنەوە بۆ ڕێگای عەقڵ و دادپەروەری (مسکویه، ١٩٨٥، ٢٦).

خوێندنەوەی ڕەخنەیی و بەراوردکاری نێوان تێڕوانینەکان نیشانمان دەدات کە دیدی مسکویه دیدێکی تەواو پەروەردەییە کە ئومێد دەبەخشێت بە کۆمەڵگە لە ڕێگەی گۆڕینی ڕەوشتەوە بەو پێیەی کاتێک تاکەکان خۆیان چاک دەکەن کۆمەڵگەش بەرەو باشتر دەچێت و ئەم تێڕوانینە گرنگی بە هۆشیاری و ئیرادەی ئازاد دەدات (مسکویه، ١٩٨٥، ٢٨) لە کاتێکدا سووورِی بایۆلۆژی لای بیرمەندی ئەڵمانی حەتمییەتێکی تەواوە کە تێیدا بەهار هاوین پاییز و زستانی شارستانییەتەکان دەبینێت و هیچ دەسەڵاتێکی مرۆیی ناتوانێت کاتی زستان بگۆڕێت و ئەمەش جیاوازی سەرەکی نێوان دیدی کۆن و نوێ وێنا دەکات (سپێنگلەر، ١٩٢٢، ٨٨) بەڵام، هاوهزری مسکویه بەشێوازێکی توندتر هەن کە بە ئەزموونی مێژوویی ئەوەی خستۆتەڕوو کە دەبێت هەرچییەکی لەدەست بێ بیکات بۆ یەکلاکردنەوەی هاوکێشەی هاوتاکان و لێکەوتەی ئەو بابەتەش بۆ مامەڵە کردن گەنگەشە هەڵناگرێ و دەبێت بەزوویی و بەزەبری کوشندە نەیارەکان لەناوبرێن چونکە ئەگەر دەرفەتیان پێ بدرێ و یەک بگرن دەتوانن ببنە مایەی مەترسیەکی گەورە (Haikal, Mujahid 2020:100-101; Ernest J. Wilson, 2008. 110-124) بە جۆرێک کە کەم تەرخەمیکردن لە ڕەووشتی هێزدا دەبێتە مایەی ئامادەکاری بۆ کۆتایی هێز و لە مێژووشدا بەسوک و ناشرین و ناوزڕاو تۆمار ئەکرێن و خۆشەویستی و متمانەی خەلک بۆ خاوەن هێز ناهێڵێت (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١، ٣٥٢- ٣٥٧؛ مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١١٥؛ دورتي، ١٩٨٥، ٣٣-٤٤-٦٦) لێکەوتەخراپەکانی کۆتای ئەخلاقی هێز دەبێتە هۆی ئەوەی هێزی نوێ دووبەرەکی لەنێوان شارەکان دروست بکەن بۆ ئەوەی بتوانن لەدەوری یەک خاوەن هێز و یەک ئامانج کۆببنەوە لێرەشەوە ڕەوشتی هێزێکی نوێ دێتە مەیدان بۆ بەرگەگرتن لەم بارودۆخە بە شێوەیەک کە دادگەری ئامانجی یەکەم و کۆتاییبێت لای خاوەنی هێز و خەلکەکەش دەرمارگیری و خۆ بەختکردن بۆ سەردار بکەنە کردار (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١، ٣٧٨-٣٨٥، ٤١٧) چونکە نەمانی ڕەوشتی هێز لەسەر کۆمەڵگا دەبێتە هۆی ئیفلیج بوونی ئەوانەی ڕاگری پایەی شارستانیەتن و ئەوانەشی کە گیانی کێبڕکێ و داهێنانیان لە ئەستۆ گرتبوو دڵنیایی لەدەستدەدەن و نەمانی ئەخلاقی هێز یەکێک لە لێکەوتە هەرە قورسەکانە کە بەسەر کۆمەڵگادا نەمانی پەروەردە جێدەهێڵێت و چەندین نەوەی دەوێت تاوەکو بتوانن پەروەردە و دووبارە هێزی لەسەر بنیاد بنرێتەوە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١، ٣٧٣-٣٧٤؛ نای، ٢٠٠٤. ٦٧-٦٨).

لەم چوارچێوەیەدا کاتێک سەیری هێزە ئیرادییەکانی مرۆڤ دەکەین لە ڕوانگەی مسکویەوە دەبینین کە کردارەکانی و هێزەکانی و مەلەکەکانی کە پێی تایبەت دەبێت لەو ڕووەوە کە ئەو مرۆڤە و مرۆڤایەتی و فەزیلەتەکانی پێ تەواو دەبێت ئەوا ئەو شتە ئیرادیانەن کە هێزی بیرکردنەوە و جیاکردنەوەیان پێوە بەندە و تەماشاکردن تێیدا ناودەنرێت فەلسەفەی زانستی و ئەو شتە ئیرادیانەی دەدرێنە پاڵ مرۆڤ دابەش دەبن بەسەر چاکەکان و خراپەکاندا (مسکویه، ١٩٨٥، ١٠) و مرۆڤ ئەگەر کردارەکانی کەم بکات و کورت بهێنێت لەوەی بۆی دروست کراوە و کردارەکانی کە لێی و لە بیرکردنەوەیەوە دەردەچن ناتەواو بن شایستەی ئەوەیە دابەزێت لە پلەی مرۆڤایەتییەوە بۆ پلەی ئاژەڵییەت (مسکویه، ١٩٨٥، ١٠- ١٢) چونکە چاکەکان و خراپەکان لە کردارە ئیرادییەکاندا یان بە هەڵبژاردنی باشتر و کارکردن پێی دەبێت و یان بە

هەڵبژاردنی نزمتر و مەیلکردن بۆی دەبێت (مسکویه، ١٩٨٥، ١٢- ١٣) لەم پێناوەدا پێویستە مرۆڤ ئاگاداری ئەو ئامرازە بێت کە بۆی دروست کراویت و ئەو ئاسۆیە بزانێت کە بە ئاسۆکەی خۆتەوە دەبەسترێتەوە و پلە بە پلە بگوازریتەوە و سەرکەوتنەکەی هاوتای ڕاستی بێت و باوارِی دروستت بۆ پەیدا ببێت و شایەتی ئەو شتانە بێت کە لە خەڵکی دیکە شاراوەتەوە و بگەیتە پلەی تێپەڕین بەرەو زانستە بەرێزەکان کە سەرەتایان فێربوونی لۆجیکە کە لێرەوە بەدەرکەوێت ئیرادە شتێکی کۆت و بەند نیە بەڵکو مرۆڤ دەتوانێت پلە بەپلە بگاتە پێشکەوتنی زیاتر نەک داروخان چونکە داروخان شتێکە لە ڕەوشت و هۆکارە دەروونیەکان سەرچاوە دەگرێت و خاڵی هاوبەش لێرەدا کۆتایی هاتنی شارستانیەتە لە کاتێکدا جیاوازی لە نێوان ئیرادە و سروشتدایە و مرۆڤ لە نێوان توانای گۆڕان و بێدەسەڵاتی دایە و مێژوو شایەدی ئەم دوو تێڕوانینە گەورەیەیە (مسکویه، ١٩٨٥، ٥٩-٦٠).

لەم ئاڕاستەیەوە مسکویە پێی وایە ڕەوشتەکان لێیان هەیە ئەوەی بەدەست دەهێنرێت بە ڕاهاتن و ڕاهێنان و ڕەنگە سەرەتایەکەی بە بیرکردنەوە و فیکر بێت پاشان بەردەوام دەبێت لەسەری یەک لە دوای یەک تا دەبێتە مەلەکەیەک و ڕەوشتێک و لەبەر ئەمە کۆنەکان جیاواز بوون لە ڕەوشتدا و هەندێکیان گوتیان ڕەوشت تایبەتە بە دەروونی ئاخێوەر نەبوو و هەندێکیشیان گوتیان ڕەنگە بۆ دەروونی ئاخێوەر تێیدا بەشێک هەبێت (مسکویە، ١٩٨٥، ٢٦) پاشان خەڵک جیاواز بوون جیاوازییەکی دووەم و هەندێکیان گوتیان هەرکەسێک ڕەوشتێکی سروشتی هەبێت لێی ناگۆڕێت و کەسانی دیکەش گوتیان هیچ شتێک لە ڕەوشتەکان سروشتی نییە بۆ مرۆڤ و ناڵێین ئەو سروشتی نییە و ئەمەش لەبەر ئەوەی ئێمە خولقێنراوین لەسەر قبوڵکردنی ڕەوشت بەڵکو دەگۆڕێین بە تەمبێکردن و ئامۆژگارییەکان جا چ بە خێرایی بێت یان بە سستی (مسکویە، ١٩٨٥، ٢٦) مسکویە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم ڕایەی دوایی ئەو ڕایەیە کە ئێمە هەڵی دەبژێرین چونکە ئێمە بە چاو دەیبینین و ڕای یەکەم دەبێتە هۆی بەتاڵکردنەوەی هێزی جیاکردنەوە و عەقڵ و هۆی ڕەتکردنەوەی هەموو سیاسەتەکان و وازهێنان لە خەڵک بە سەرگەردانی و فەرامۆشکراوی و هۆی وازهێنان لە گۆڕانکارییەکان و منداڵان لەسەر ئەوەی ڕێک دەکەوێت لەسەری بن بێ سیاسەت و بێ فێرکردن (مسکویە، ١٩٨٥، ٢٦) بەم پێیەش خراپەکار ڕەنگە بگۆڕێت بە تەمبێکردن بەرەو چاکە بەڵام، نەک لەسەر ڕەهایی چونکە ئەو پێی وایە دووبارەکردنەوەی ئامۆژگارییەکان و تەمبێکردن و گرتنی خەڵک بە سیاسەتە باشە فازڵەکان بێگومان کاریگەری دەبێت بە جۆرەها کاریگەری لە جۆرەکانی خەڵکدا جا لێیان هەیە ئەوەی تەمبێکردن قبوڵ دەکات و دەجووڵێت بەرەو فەزیلەت بە خێرایی و لێیان هەیە ئەوەی قبوڵی دەکات و دەجووڵێت بەرەو فەزیلەت بە سستی (مسکویە، ١٩٨٥، ٢٦- ٢٧).

مەگەر ئەوەی کە شایستەیە ئێستا لە ڕووی مێژووییەوە بزانرێت ئەوەیە کە بوونی جەوهەری مرۆیی بەستراوەتەوە بە توانای بکەرەکەی و خالقەکەیەوە بەڵام، باشکردنی جەوهەرەکەی سپێردراوە بە مرۆڤ و ئەو بەستراوەتەوە بە ئیرادەی ئەوەوە (مسکویە، ١٩٨٥، ٣٠-٣٣) و دەروون لەبەر ئەوەی جەستە نییە تووشی ئەو شتانە نابێت کە تووشی جەستە دەبن لە گۆڕانکارییەکان کە لە ناوەڕۆکی جەستەدان و لەبەر ئەوەی وایە پێویستە حوکمەکەی پێچەوانەی حوکمی جەستە بێت لەبەر ئەوەی پێچەوانەیەتی لە جەوهەردا و سروشت و مانا و کردارەکاندا (مسکویە، ١٩٨٥، ٣٦) بەمەش کاتێک هێزی عەقڵ بەهێز دەبێت و سەر دەکەوێت بەسەر هێزەکانی دیکەدا ئەوا مرۆڤ بە هۆی ئەمەوە دەبێتە خاوەن بیرکردنەوە و جیاکردنەوە و حەز بە زانستەکان دەکات و سەیری ڕاستییەکان دەکات و حوکمەکانی بە ڕاستی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :9
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

دەردەچن (مسكويه، ١٩٨٥، ٣٦-٣٩) لە ئەنجامدا دادپەروەری کاتێک لە دەروونادا جێگیر دەبێت دەبێتە هۆی ڕێکخستنی هەموو هێزەکان و هێنانەدی هاوسەنگی لە نێوانیاندا بە جۆرێک کە هیچ هێزێک سەر نەکەوێت بەسەر هێزێکی دیکەدا مەگەر بەو شێوازەی کە عەقڵ دیاری دەکات (ابن مسكويه، ١٩٨٥، ٩٩-١٠٢) چونکە خودای گەورە یاسای داناوە بۆ ئەوەی ببێتە تەرازوو لە نێوان خەڵکدا و پاشای داناوە بۆ ئەوەی ببێتە پارێزەری ئەم یاسایە و جێبەجێکاری بێت لە نێوانیاندا بە دادپەروەری بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانیان پارێزراو بن (مسكويه، ١٩٨٥، ١١٠-١١٢) کە ئەمەش پێویستی بەوەیە مرۆڤ سەرەتا سیاسەتی دەروونی خۆی بکات بە چاکسازی و تەمبێکردن پاشان هەوڵ بدات بۆ چاککردنی ئەوانەی تریش لە دەوروبەری چونکە چاکسازی گشتی لە چاکسازی تایبەتییەوە دەست پێ دەکات (مسكويه، ١٩٨٥، ١٤٥-١٤٧) بەو پێیەی هەموو کارێکی مرۆیی کە بە ئیرادە و بیرکردنەوە دەکرێت پێویستی بە بەکارهێنانی هێزی عەقڵ هەیە بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجی ڕاست و دروست کە چاکەی ڕەهایە بۆ مرۆڤ لە ژیانیدا (مسكويه، ١٩٨٥، ١٤٤- ١٤٩).

لە بەرامبەر ئەم ڕوانگە ئەخلاقی و فەلسەفییەی مسكويەدا کاتێک سەیری هێڵە گشتییەکانی فەلسەفەی سیاسی و مێژوویی الماوردي دەکەین تێبینی جۆرێک لە واقیعگەرایی شەرعی دەکەین بە شێوەیەک کە ماوەرودیش لەسەر بنەمای فەلسەفەی هێز و چاکسازی فکری تایبەتی خۆی هەیە و الماوردي جەخت لەسەر بەزەیی و نەرمی پاشا دەکات لە کاتێکدا پێی وایە توندی و ترساندن بۆ پاراستنی دەسەڵات پێویستترە چونکە نەرمی و بەزەیی لەگەڵ توندوتیژی دوو دژبەری گرنگن لە کەسایەتی پاشاکاندا کە دەبێت بە هاوسەنگی بەکاریان بهێنن (الماوردي، ١٩٨١، ١٠٩) لێرەدا لە کاتێکدا ماوەردی بەڵێنپارێزی بە ئەرکێکی ئەخلاقی سەرکردە دەزانێت بەڵام، لە هەمان کاتدا ڕێگە بە فێڵ و غەدر دەدات ئەگەر بەرژەوەندی دەوڵەت بخوازێت (الماوردي، ١٩٨١، ١١٦) و بەراوردکاری نێوان هەردوو بیرمەند نیشانی دەدات کە ماوەردی پێداچوونەوەی کارەکان بۆ چاکسازی ئەخلاقی دەوێت و بۆ پاراستنی هێز (الماوردي، ١٩٨١، ١٢٤) لەبەر ئەوەی ماوەردی سەرکردە وەک پێشەنگێکی ئەخلاقی بۆ گەلەکەی تەماشا دەکات بەڵام، تەنها ڕواڵەتی ئەخلاقی بە ڕوواڵەت لای سەرکردە بەس دەزانێت (الماوردي، ١٩٨١، ١٣٥) ئەم واقیعگەراییە لای الماوردي شوناسێکی ئاینی بەخۆوە دەگرێت چونکە لای ماوەردی پاشا دەبێت لە ڕووی ئاینییەوە باشترینی خەڵک بێت بەڵام، ئاین تەنها ئامرازێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە (الماوردي، ١٩٨١، ١٤٣) و بەم شێوەیە پەیوەندی نێوان ئاین و پاشایەتی لای ماوەردی پەیوەندییەکی بنەڕەتی و پیرۆزە لە کاتێکدا ئاینی وەک ئامرازێکی سیاسی بەکاردێت (الماوردي، ١٩٨١، ١٤٨) چونکە ئەو بنەمای دەوڵەت تەنها لەسەر هێز و یاسای توند بنیات دەنێت بەڵام ماوەردی پێی وایە هێز دەبێت لە خزمەت دادپەروەریدا بێت (الماوردي، ١٩٨١، ١٥٤) بە جۆرێک کە قواعدی سیاسەتی مەلیک لای ماوەردی لەسەر بنەمای شەرع و ئەخلاق دادەمەزرێت بەڵام ئامانج هۆکارەکانی دەسەڵات ڕەوا دەکات (الماوردي، ١٩٨١، ١٥٨) لێرەوە پاراستنی ڕەعیەت و دابینکردنی ئاسایشی ئەوان لای ماوەردی ئەرکێکی خودایە و هۆکارێکە بۆ ڕێگریکردن لە شۆڕشی گەل (الماوردي، ١٩٨١، ١٦٧) و لەبەر ئەوە پێی باشترە سەرکردە خۆشەویست نەبێت بەڵکو لێی بترسن بەڵام ماوەردی داوای هاوسەنگی نێوان هاندان و ترساندن دەکات (الماوردي، ١٩٨١، ١٨١) و تەنانەت سیاسەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ حاشیە و یاریدەدەران لای ماوەردی لەسەر بنەمای لێهاتوویی و چاکەیە بەڵام لای هەندێک لە بیرمەندانی دیکە واقیعگەر لەسەر دڵسۆزی ڕەهایە (الماوردي، ١٩٨١،

١٩٢) و له دەرەنجامدا الماوردي گۆڕانی زەمەن و بەخت بە هۆكاری سەرەكی سەركەوتن دەزانێت بەڵام ماوەردی پێی وایە پابەندبوون بە بنەماكان ڕووبەڕووی گۆڕانی زەمەن دەبێتەوە (الماوردي، ١٩٨١، ٢١٤).

لەسەر بنەمای بەراوردكارییەكی قووڵ لە نێوان تەوەرە سەرەكییەكانی هەردوو بیرمەندا دەردەكەوێت كە جیاوازییەكی ڕیشەیی لە دیاریكردنی ئاڕاستەی مێژوودا هەیە بە جۆرێك كە لای ئیبن مسكويە مێژوو وەك ئەزموونێكی پەروەردەیی و مرۆیی وێنا دەكرێت كە تێیدا پێشكەوتن یان داڕوخانی شارستانییەتەكان بە تەواوی بەستراوەتەوە بە ئیرادەی ئازاد و ئاستی پابەندبوونی ئەخلاقی و دەروونی تاكەكانەوە لە كاتێكدا لای الماوردي ئاڕاستەی مێژوو زۆرجار لە ژێر كاریگەری گۆڕانی زەمەن و بەختدایە، بەڵام پشتبەستن بە بنەما جێگیرە شەرعییەكان دەبێتە هۆی خۆڕاگری لە بەرامبەر ئەم گۆڕانكارییە مێژووییانەدا (مسكويە، ١٩٨٥، ٤-٦؛ الماوردي، ١٩٨١، ٢١٤) هاوكات لە لێكۆڵینەوەی سەرچاوەی چاكسازیدا مسكويە بنەمای گۆڕانكاری كۆمەڵایەتی لە چاكسازی خود و دەروونی تاكەكانەوە دەست پێ دەكات كە لە ڕێگەی گەشەپێدانی عەقڵ و پەروەردەوە دەگاتە دادپەروەری گشتی بەڵام لای الماوردي چاكسازی مێژوویی و سیاسی زیاتر لە سەرەوەی دەسەڵاتەوە و لە ڕێگەی داڕشتنی قواعدی سیاسەتی مەلیك و دروستكردنی هاوسەنگییەكی ورد لە نێوان نەرمی و توندی شەرعیدا جێبەجێ دەبێت (ابن مسكويه، ١٩٨٥، ١٤٥-١٤٧؛ الماوردي، ١٩٨١، ١٠٩-١٢٤) بە هەمان شێوە سەبارەت بە ئامرازی دەسەڵاتداری مسكويە جەخت لەسەر سەروەری دادپەروەری و عەقڵ و یاسای خودایی دەكاتەوە وەك تەرازوویەك بۆ ڕێكخستنی سەرجەم هێزە دەروونی و كۆمەڵایەتییەكان بەڵام لای الماوردي ئاین و هێز دوو ڕەهەندی هاوتەریب و تەواوكەری یەكترن كە تێیدا ئاین هەم بنەمایەكی پیرۆزە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكان و هەم ئامرازێكی شەرعی و سیاسی كاریگەرە بۆ كۆنترۆڵكردنی كۆمەڵگە و ڕێگریكردن لە شۆڕش و تێكدانی ئاسایش (ابن مسكويه، ١٩٨٥، ١١٠-١١٢؛ الماوردي، ١٩٨١، ١٤٨-١٦٧) لە كۆتاییدا لەسەر بنەمای سروشتی ڕەوشتی سەركردە مسكويە پێی وایە فەزیلەت و چاكە دەبێت ڕاستەقینە و ناوەكی بن چونكە ناتەواوی كرداره ئیرادییەكان مرۆڤ لە پلەی مرۆڤایەتییەوە دەخاتە پلەی ئاژەڵییەتەوە لە كاتێكدا الماوردي لە ڕوانگەیەكی واقیعگەرانەترەوە تەماشای پرسەكە دەكات و ئەگەرچی ڕەوشت بە گرنگ دەزانێت بەڵام لە كاتی پێویستدا بۆ بەرژەوەندی باڵای دەوڵەت و پاراستنی قەوارەی سیاسی ڕێگە بە فێڵ و غەدر دەدات و تەنانەت بوونی ڕواڵەتێكی ئەخلاق یان ئاینی لای سەركردە بە پێویست و بەس دادەنێت (ابن مسكويه، ١٩٨٥، ١٠-١٢؛ الماوردي، ١٩٨١، ١١٦-١٣٥).

## ئەنجامەكانی توێژینەوە

یەكەم: ڕەوشت و بەها ئەخلاقییەكان لای الماوردي و مسكويە تەنها ڕەفتاری تاكەكەسی نین بەڵكو وەك هێزی سەرەكی و بزوێنەری بنەڕەتی بۆ ئاڕاستەكردنی ڕەوتی مێژوو و دیاریكردنی چارەنووسی دەوڵەتەكان و شارستانیەتەكان سەیر دەكرێن لە جیهاندا.

دووەم: داڕووخانی شارستانیەتەكان و هەرەسهێنانی دەسەڵاتی سیاسی پێش ئەوەی بەهۆی هێرشی سوپا دەرەكییەكانەوە بێت پرۆسەیەكی ناوەكی و دەروونییە كە لە ئەنجامی زاڵبوونی غەریزە ئاژەڵییەكان و نەمانی دادپەروەری و حیكمەتەوە سەرچاوە دەگرێت.

سێیەم: مێژوو لە دیدگای فەلسەفی مسکویەدا وەک ئەزموونێکی مرۆیی هاوشێوە سەیر دەکرێت کە یاسا و سوننەتی جێگیری هەیە و تێگەیشتن لە ڕووداوەکانی ڕابردوو دەبێتە ڕێبەرێک بۆ مرۆڤی دانا تا پێش ڕوودانی کارەساتەکان پێشبینییان بکات

چوارەم: دادپەروەری کۆڵەکەی سەرەکی مانەوەی شارە و بەر لەوەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دەرەکی بێت هاوسەنگییەکی ناوەکی قووڵە لە پێکهاتەی دەروونداکە عەقڵ وەک هێزێکی باڵا ڕێگری لە سەرهەڵدانی کینە و چاوچنۆکی دەکات

پێنجەم: ئەرکی سەرەکی فەرمانڕەوای دادپەروەر لە فیکری ئیسلامیدا ئاڕاستەکردنی خەڵکە بەرەو بەختەوەری فیکری و کرداری لە ڕێگەی زانستەکان و پیشەسازییەکانەوە تا کۆمەڵگە لە داڕووخانی ناوەکی ڕزگار بکات و بەیەکەوە ژیانی ڕاستەقینە بپارێزێت.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**


١. اشبنغلەر، أ.، (١٩٦٤). دهور الغرب (أفول الغرب)وەرگێڕانی: أحمد الشيباني. بيروت: دار الحقيقة.

٢. بسام طيبي، (١٩٨٦)، تجديد دور الإسلام في التطور السياسي والاجتماعي للشرق الأوسط ترجمه مرعي زهران - مجلة الفكر العربي المعاصر العدد٣٩.

٣. بسيوني رسلان صلاح الدين،(١٩٨٦)، الفكر السياسي عند الماوردي دار الثقافة للنشر والتوزيـع - القاهرة .

٤. دورتي، جيمس (١٩٨٥) . النظريات المتضاربة في العلاقات الدولية ترجمة وليد عبد الحي، شركة كاظمة للنشر والتوزيع.

٥. صعب حسن، (١٩٧٧)، علم السياسة - دار العلم للملايين بيروت - لبنان - ط -٥ .

٦. كرانستون ، موريس،(١٩٧٠) ، إعلام الفكر السياسي ، دار النهار ، بيروت .

٧. الماوردي، أ. ح. ع. ب. م.، (١٩٨١). تسهيل النظر وتعجيل الظفر في أخلاق الملوك وسياستها. تحقيق: محيي هلال السرحان، مراجعة: حسن الساعاتي. بيروت: دار النهضة العربية.

٨. الماوردي، أ. ح. ع. ب. م.، (١٩٨٣.). نصيحة الملوك. تحقيق: خضر محمد خضر. الكويت: مكتبة الفلاح.

٩. الماوردي، أبو الحسن علي بن محمد بن حبيب (١٩٨٩) الأحكام السلطانية والولايات الدينية. تحقيق: د. أحمد مبارك البغدادي. الطبعة الأولى. الكويت: جامعة الكويت (قسم العلوم السياسية).




Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 9
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

١٠.مسكويه،(١٩٨٥)، تهذيب الأخلاق في التربية، دار الكتب العلمية، بيروت - لبنان، الطبعة الأولى .

١١.مسكويه،(٢٠٠٣)، تجارب الأمم وتعاقب الهمم، تحقيق: سيد كسروي حسن، دار الكتب العلمية - بيروت - لبنان، الطبعة الأولى، ج١.

١٢.مولود ، (٢٠١٠)، مباحث في القانون الدستوري والنظم السياسية دار بلقيس للنشر الدار البيضاء.

١٣.ناي، جوزيف (٢٠٠٤). القوة الناعمة وسيلة النجاح غب السياسة الدولية، ترجمة محمد توفيق البجيرمي، مكتبة العبيكان، الرياض، السعودية.

١٤.هيجل، جورج فيلهلم فريدريش (٢٠٠٧). عقل التاريخ. ترجمة عبد الفتاح إمام. بيروت: دار التنوير للطباعة والنشر.

١٥.هيغل، جى و فريديريش (١٩٨٦). موسوعة العلوم الفلسفية - فلسفة التاريخ. ترجمة د. إمام عبد الفتاح إمام. القاهرة: دار التنوير.

**سەرچاوەكان بە زمانی كوردی**

١. ئی.ئێیچ.كار،(٢٠٠٥)، مێژوو چییە، و: ئاسۆس محەمەد، چاپخانەی موكریان، هەولێر.

٢. ئیبن خەلدون، عبدلرحمان،(٢٠١٦)، مقەدیمەی ئیبن خەلدون، بەرگی یەكەم، وەرگێڕانی: سعید بەشیر، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٣. فارابی، (٢٠١٩)، شاری فازیلە، وەرگێڕانی، مەیروان عبدول، چاپخانەی رەهند، سلێمانی.

٤. كەمال، محمد، (ب.س)، هیگل، مالبۆرن.

٥. مەكیاڤیللی، نیكۆلا،(٢٠١٩) میر، وەرگێڕانی: بەختیار ئەحمد سالح، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

**سەرچاوەكان بە زمانی ئینگلیزی**

6. Haikal, Mujahid, (2020) Ethics and Power: Niccolo Machiavelli's thoughts on Ethics and Power in Politics, International Journal of Politics and Sociology Research, 8(3).

7. Ernest J. Wilson، III(،2008 ) “Hard Power، Soft Power smart Power", Annals of the American Academy of Political and Social Science، Vol. 616، Public Diplomacy in a Changing World .

List of sources:
Sources in Arabic:

1. Ashbingler, A., (1964). Dawr al-Gharb (Aful al-Gharb) Translated by: Ahmad al-Shibani. Beirut: The House of Truth.
2. Bassam Taibi, (1986), Renewing the Role of Islam in the Political and Social Evolution of the Middle East.
3. Basiuni Raslan Salah al-Din, (1986), Political Thought at the Review of Culture for Publishing and Distribution - Cairo.
4. Durty, James (1985) . Observational Perspectives in International Relations Translated by Walid Abdul Hay, Kazema Publishing and Distribution Company.
5. Saab Hassan, (1977), Political Science - Dar al-Ilam for the Mullahs of Beirut - Lebanon - Vol.
6. Cranston, Maurice, (1970), Announcement of Political Thought, Dar al-Nahar, Beirut.
7. Al-Mawardi, A. h. ع. b. M., (1981). Drawing a view and accelerating the return in the ethics of kings and their policies. Research: Mohiy Hilal Al-Sarhan, Reference: Hassan Al-Saati. Beirut: Arab Renaissance House.
8. Al-Mawardi, (1983.). Advice of the Kings. Research: Khader Mohammed Khader. Kuwait: Al-Falah Library.
9. Al-Mawardi, Abu al-Hassan Ali ibn Muhammad ibn Habib (1989) Sultanate Rules and Religious States. Research: د. Ahmed Mubarak al-Baghdadi. Kuwait: Kuwait University (Department of Political Sciences).
10. Moscow, (1985), Ethics in Education, Scientific Library, Beirut - Lebanon, first edition.
11. Moscow, (2003), Experience of the Mother and Consequence of the Mother, Research: Sayyid Kasrowi Hassan, Dar al-Kitab al-Ulamiyah - Beirut - Lebanon, First Edition, Vol.
12. Mawloud, (2010), Discussions in Constitutional Law and Political System Dar Belqis for Dar Al-Bayda Publishing House.
13. Nye, Joseph (2004). The Power of Grace and the Means of Success in the Darkness of International Politics, translated by Mohammed Tawfiq Al-Bajirami, Al-Abikan Printing House, Riyadh, Saudi Arabia.

14. Hegel, Georg Wilhelm Friedrich (2007). The Mind of History. Translated by Abdul Fattah Imam. Beirut: Dar al-Tanweir Printing and Publishing House.
15. Hegel, G. and Friedrich (1986). Encyclopedia of Philosophical Sciences - Philosophy of History. Translation Dr. Imam Abdul Fattah Imam. Cairo: Dar al-Tanwir.
Sources in Kurdish

1. E. E. G. Carr, (2005), What is History, and: Asos Mohammed, Mukriyan Printing House, Erbil.
2. Ibn Khaldun, Abdulrahman, (2016), Introduction to Ibn Khaldun, Volume 1, translated by: Saeed Bashir, Ganj Printing House, Sulaimani.
3. Farabi, (2019), Shari Fazila, translated by Mayrwan Abdul, Rahand Printing House, Sulaimani.
4. Kamal, Muhammad, (B.S.), Hegel, Malborn.
5. Machiavelli, Nicola, (2019) Mir, translated by: Bakhtiar Ahmad Salih, Ganj Printing House, Sulaimani.
Sources in English

6. Haikal, Mujahid, (2020) Ethics and Power: Niccolo Machiavelli's Thoughts on Ethics and Power in Politics, International Journal of Politics and Sociology Research, 8(3).
7. Ernest J. Wilson, III,)2008( “Hard Power, Soft Power smart Power", Annals of the American Academy of Political and Social Science, Vol. 616, Public Diplomacy in a Changing World .